# گەشتی پاڵەوان لە ئەفسانەی ئینانا و شاماراندا

ئیبراهیم خەلیل فەتحوڵڵا
کۆلێژی پەروەردە - زانکۆی سەلاحەدین هەولێر- هەرێما کوردستانێ/ عیراق

**پوختە**

ئەفسانە بیر و تێڕوانینی مرۆڤی سەردەمە جیاوازەکانە. بە هۆی هەلومەرجی مێژوویی و گەشە و گۆڕان لە بیرکردنەوەی مرۆڤەکاندا گۆڕانکاریان بەسەرداهاتووە. بە هۆی تێگەیشتن و شیکردنەوەی ئەو کارەی پاڵەوان دەیەوێ ئەنجامی بدات، دەتوانین لە بیرکردنەوە و چۆنیەتی ئەفراندنی ئەفسانەکە و پاڵەوان بگەین. پاڵەوان لە ئەفسانەدا کارێکی لە ڕادەبەر و گەورە ئەنجامدەدات. لە گەشت و ئەنجامدانی کار، پاڵەوان ڕووبەڕووی چەند ڕووداوی گەورە دەبێتەوە. لە هەموو ئەفسانەکاندا پاڵەوان کارێکی لە ژیانی خۆی گەورەتر ئەنجامدەدا. ئەو چارەنووسە چاوەڕوان نەکراوانەی ڕووبەڕووی پاڵەوان دەبنەوە هەندێ جار بەهۆی بوونی دژە پاڵەوانە و هەندێ جاریش بەهۆی سەختی و گرانی ئەو کارەیە کە دەیەوێ ئەنجامی بدات. لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئێمە لە چارەنووسی پاڵەوان دەکۆڵینەوە، لە ئەفسانەی ( ئینانا )کوردی کۆن (سۆمەر)ی و ئەفسانەی کوردی (شاماران) بە پێی تیۆری ('گەشتی پاڵەوان'ی جۆزێف کامبل) هەوڵ دەدەین لە چارەنووسی پاڵەوان بە هۆی گەشتەکەیەوە بکۆڵینەوە.

**وشە سەرەکییەکان:** ئەفسانە، ئەفسانەی کوردی، پاڵەوانی ئەفسانە، گەشتی پاڵەوان، جۆزێف کامبڵ.

**پێشەکی**

ئەدەبیاتی کوردی پێشەنگی هەموو ئەدەبیاتی جیهانە لە بواری گێڕانەوە و ئەفراندنی ئەفسانەدا. بێگومان ئەفسانەکان پاڵەوانیان هەیە. ئەم پاڵەوانانە گەشتێک ئەنجامدەدەن بۆ بە دەستهێنانی و گەیشتن بە ئامانجێک. ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (چارەنووسی پاڵەوان لە ئەفسانەی ئینانا و شاماراندا) لە ژێر ڕۆشنایی تیۆری ('گەشتی پاڵەوان 'ی جۆزێف کامبل) هەوڵێکدەبێت بۆ شیکردنەوە و دیاریکردنی چارەنووسی

پـاڵەوان. سـەرەتا تیشـک خـراوەتە سـەر پـاڵەوان و گەشـتی پـاڵەوان، پاشـان پشـت بەسـت بە تیۆرەکەی جۆزێف کامبڵ گەشتی پاڵەوانەکە شیکراوەتەوە و چارەنووسی پاڵەوان لەم دوو ئەفسانە کوردیەدا دیارکراون.

### ٢. هۆی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە

ئەدەبیـاتی کـوردی دەوڵەمەنـدە بە چەنـدین ئەفسـانە کە مێژووەکەیـان بـۆ هەزاران ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە. پاڵەوانەکان گەشت دەکەن و بەهۆی گەشتەکەیانەوە کاری لە ڕادەبەردەر ئەنجامـدەدەن. دەکرێ بەهـۆی شـیکردنەوە و تێگەیشـتنمان لە گەشـتی پـاڵەوان و لەو شـتانەی ڕووبەڕووی دەبـنەوە لە هەمـوو بیروبـاوەڕ و ئەندێشـە و تێڕوانینـی مرۆڤـایەتی لە ڕۆژگارە کۆنەکاندا بگەین. لایەنی گەشت و چارەنووسی پاڵەوانەکان لە ئەفسانەدا وەک پێویست کاریان لەسەرنەکراوە.

### ٣. سنوری توێژینەوەکە

لەم تـوێژینەوەیەدا پـاڵەوان و گەشـتی پـاڵەوان لێیکۆڵـدراوەتەوە، هەردوو ئەفسـانەی (ئینانا و شاماران)بە پێی تیۆری 'گەشتی پاڵەوان'ی جۆزێف کامبڵ شیکراونەتەوە.

### ٤. ئامانجی لێکۆڵینەوەکە

ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە تێگەیشتن و شیکردنەوەی گەشتی پاڵەوان و پالەوانی دوو ئەفسـانەی کـوردییە. وە تێگەیشـتنمانە لە ئاسـتی نزیکـی و گەشـە و گـۆڕانی ئەفسانەکان بەپێی گەشەو و گۆڕانی کۆمەڵگەی کوردی لە ڕۆژگارە دێرینەکان و دواتر. بێگومـان هەمـوو ئەفسـانەکان گرنگـی و بـایەخ و تایبەتمەنـدیان هەیە، بەڵام ئینانـا لە پەراوێزکەوتنی و تایبەتمەندییەکانی وەک ئەفسانەیەکی دێرینـی کـورد هاوشـان لە گەڵ شاماراندا ئامانجی لێکۆڵینەوەکەمانە.

### ٥. میتۆدی لێکۆڵینەوەکە

لەم تـوێژینەوەیەدا میتـۆدی (وەسـفی شـیکاری) لە ژێـر ڕۆشـنای تیـۆری (گەشـتی پاڵەوان- جۆزێف کامبل) بە کارهێندراوە.

### ٦. توێژینەوەکانی پێشوو

لێکۆڵینەوەبـووە، لەبەر ئەوەی پێکهاتە و بیروبـاوەڕ و گێـڕانەوەی مێـژوو و سـەربوردە و سـروتی ئـاینی و داب و نەریـت و چەنـدین شـتیدیکە دەگێـڕێتەوە. نەتەوەی کـورد لە ڕووی ئەفسانەوە دەوڵەمەندە. کاری جۆراوجۆر لەسـەر ئەفسـانە کراوە. ئەوەنـدەی ئێمە ئاگاداربین لەسـەر ئینانـا شـتێکیوا نەکـراوە کە شـایەنی باسـکردنبێ. ئەوەی بە فارسـی و عەرەبـیش

کراوە لەسەر ئیشتار بووە، کە لە پێکهاتە و دەسەڵات و پلەکانی خواوەندێتی جیاوازی هەیە. لەم دوایانە لە گۆڤاری فرە کتێبەکەی (دایان وۆلشتاین و ساموێل نوا کرامەر) بە ناونیشانی (ئینانا شاژنی بەهەشت و زەوی) وەریانگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی لە لایەن (دەشتی مەحمود و زەردەشت نورەدین) بەڵام بە ویست و تێگەیشتنی خۆیان لەسەریان نووسیوە. زۆر شت لە ناو دەقەکە گۆڕدراوە و ناوی دڵخوازی خۆیان خستۆتە ناو دەقی کتێبەکە و چەند شوێنێکیشیان قرتاندووە. سەبارەت بە شاماران کاری لە سەرکراوە بەڵام بەداخەوە هەوڵ نەدراوە بە شێوەیەکی ئەکادیمی و بە شێوەی زانستی و بە پێی بنەماکانی ئەفسانە کۆبکرێتەوە. لەم دوایانە تورک زنجیرە فیلمێکیان لەبارەیەوە دەرکردووە، ئەیانەوێ بڵێن تورکیە و ناونیشان و ناوی پاڵەوانیان بۆ ناگۆڕدرێت. لە کوردستانیش کتێبەکەی هۆشەنگ شێخ محەمەد کە ئێمە وەک سەرچاوەی سەرەکی توێژینەوەکەمان بەکارمان هێناوە بە ناونیشانی (ئەفسانەی شاماران) و هەروەها نووسینەکانی مامۆستا سۆران حەمەڕەش لە ئینتەرنێت و بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنی دەربارەی ئینانا لە لایەن سۆران حەمەڕەش. لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتیش کتێبێک دەربارەی شاماران بە ناونشانی (شامارن در فرهنگ فولکلور کردستان) لە لایەن (کەمال رمضانی) نووسراوە. هەروەها چەند توێژینەوەیەکیش بە فارسی دەربارەی شاماران نووسراون لەوانە (بررسی و تحلیل اسطورەی شاماران در منطقه ی مکریان مهاباد) لە لایەن (مسرور شیلان و رهبر ایلناز)نووسراوە. توێژینەوەیەکیتر بە ناونیشانی (بررسی و تحلیل اسطوره ی شاماران بر اساس الگوی سفر قهرمان جوزف کمپبل) لەن لایەن (شکرپور شهریار و عزیزی یوسفکند علیرضا)نووسراوە. وە توێژینەوەی (نقش اسطوره کردی شاماران در شکل گیری داستان ملکه ماران هزار و یک شب و شوناسایی ریشه اساطیری انان) نووسینی (جمشیدبیگی رعنا) جگە لەمانە بە زمانی کوردی لە ئینتەرنێت هەندێکیتر لەسەر شاماران نوسراوە، بەڵام زانیارییەکان جیاوازیەکی ئەوتۆیان تێدانییە.

**١- ئینانا و شاماران:**

ئەدەبی کوردی دەوڵەمەندە بە ئەفسانە و گێرانەوە، لە سەردەمی کۆن هۆز و میرنشین و ئیمپراتۆریەتەکان وەک (( سۆمەری، گوتی، میتانی، هووری، لوولووبی، کاسی، مانناییی، مادی، ئەشکانی، ساسانی، تاکو میرنشین و دەسەڵاتە ناوچەییەکانی پاش هاتنی ئیسلام وەکو میرنشینی ئەردەڵانی، شەدادی، بادینانی، سۆرانی، بابانی...هتاد، دەور و کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆ و بنچینەییان لە بەرهەمهێنانی مێژوو و شارستانییەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەبووە))(حسن،٢٠٢٠،٦٠) ئەم هۆز و میرنشینانە هەزارەها بەڵگە و نووسراویان بۆ

جێهێشتووین. سەبارەت بە سەرەتاکانی دروستبوونی ئەم میراتە بە پێزەی بۆمان ماوەتەوە پرۆفیسۆری یاریدەدەر فەرهاد عزیز نووسیویەتی (کورد وەکو نەتەوە دەورێکی سەرەکی و کارای هەبووە لە دامەزراندنی مێژووی شارستانییەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، چونکە لەگەڵ دابەزینی لە ئەشکەوتی شانەدەر و بڵاوبوونەوەیان بە پێدەشتەکاندا کولتور و بیروباوەڕ و ئەفسانەکانیشیان لەگەڵ خۆیاندا برد و لەهەر شوێنێک پشوویان دابێت بناغەی شارستانییەتێکی پتەویان داڕشتوە)(خۆشناو، ٥، ٢٠١٣) دابەزینی دانیشتوانی زنجیرە چیاکانی زاگرۆس و دروستکردنی شارستانیەت هۆکارێکی بنەڕەتییە، کە دواتر یەکەم گەشتی پاڵەوان هەر لە ئەفسانەی سۆمەریدا دەبێ. سۆمەرییەکان سیستەمی نووسینیان داهێنا، کە بە چەندین قۆناغ تێپەڕی و دواجار نووسینی مێخی (cuneiform)یان داهێنا (سیستەمی نووسین لە پولە قوڕینەکان ٨٠٠٠ پ.ز. بەو جۆرە بەڵگەی مادەی نووسینی مێخی دەبەستێتەوە بە شوێنەوارەکانی کوردستانی ئەمڕۆوە) (حەمەڕەش،٢٠٢٢، ٨) داهێنانی نووسین بووە هۆی تۆمارکردنی رووداوی مێژووی و داهێنانی ئەدەبی (پەرپنەوەی رووداوی مێژووی بۆ ناو ئەفسانە و داستان و هەروەها بە پێچەوانەوە، یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەدەبی نەتەوەییە، چونکە ئەفسانە و داستان لە رۆژگاری کۆندا مەودایەکی گونجاو بۆ تۆمارکردنی رووداوە مێژووییەکان بوونە و هەروەها لە گێڕانەوەی رووداوە مێژووییەکان سود لە کەرسەی ئەفسانەیی و داستان وەرگیراوە) (حەسەن،٢٠٢٢،١٥٠) سەرکەوتنی پاڵەوانەکان لە ئەفسانەکانی میزۆپۆتامیا پەیوەندیان بە سەرکەوتنی پاشاکانەوە هەیە. تۆمارکردنی سەرکەوتنەکان و داهێنانە ئەدەبییەکان تۆمارکراون، ئەم تۆمارانە چەندین بیرو باوەڕی دێرنی مرۆڤی چیاکانی زاگرۆس و میزۆپۆتامیایان گواستۆتەوە. شێواندن و بزرکردن بە هەر هۆکارێکبێ، یان لە ژێر هەر پاساوێکدا مێژووی کورد لە لایەن نەتەوەکانیتر دزرابێ، یان شێوێندرابێ بەڵام زمان و کەلتوری هەزاران ساڵە گەواهی ڕاستی و دروستی شارستانیەتی کورد دەدەن. سەرەڕای ئەوەی نەتەوەکانیتر، کە هاتوونەتە خاکی کورد کەوتونەتە ژێرکاریگەری شارستانییەتە دێرینەکانی کورد کەڵکیان لێ وەرگرتووە. ئەفسانەی (ئینانا، یان دابەزینی ئینانا) ئەفسانەیەکی کوردی کۆن (سۆمەر)یە. دواتر دەکرێتە (ئیشتار) ویم نامو سەبارەت بە ئینانا و ئیشتار نووسیویەتی (ئینانای خواوەندی سۆمەرییەکان بە زمانی ئەکەدی بە ئیشتار ناودەبردرێت.... دووبارەبوونەوەی ئیشتار لە نووسیندا دوای ئینانا هاتووە، ئیشتار خواوەندی بابلی و ئاشورییەکان بوو، کە بەشێکی زۆری کەلتوری 'سۆمەری'یان بۆ مابۆوە، بەڵام زمانەکانیان جیاوازبوو) (namou: ماڵپەڕ) دابەزینی ئینانا یەکێکە لە ئەفسانە سۆمەرییەکان و دواتر بابلی و ئەکەدیەکان ژمارەی دێرەکانیان کەمکردۆتەوە (لە ئینانای

سۆمەریدا (٤١٥) دێرە، بەڵام لە ئیشتاری بابلیدا بۆ (١٤٥) دێر کەمکراوەتەوە، بە بیانووی پیاوسالاری، کە نابێ ئافرەت ئەو هەموو دەسەڵاتانەی هەبێ (Mingren, Ancient-Origins.net) سەرەڕای کاریگەری سۆمەرییەکان بەسەر نەتەوەکانیتر، کە هاتوونەتە خاکی کوردستان، میراتەکەشیان دەستکاریکردوون و لەم دوایانەش زیاتر خزمەت بە (ئیشتار)ی بابلی و ئاشوری کراوە و ئینانا پەراوێز خراوە. تا سەدەی رابردوو دوو لێکۆڵەر بە ناوەکانی (دایان وۆلکشتاین و ساموێل نوا کرامەر) کتێبێکیان بڵاوکردەوە بە ناونیشانی (ئینانا- شاژنی بەهەشت و زەوی) شارستانییەتی سۆمەری خاوەنی داهێنان و پێشکەتنی گەورەیە (گرنگترین شارستانییەتی ئەم قۆناغە دێرینەی میللەتی کورد شارستانییەتی سۆمەرییە کە بیر و باوەڕ و ئەفسانە ڕەسەنەکانیان بەسەر سەرجەم تیرە و هۆزە جۆربەجۆرەکانی کورددا دابەش بووە و بەشێوەیەکی گشتی کاری کردۆتە سەر زۆربەی ئەو میللەتانەی کە دواتر لە کوردستان جێگیربوونە)(خۆشناو،٥،٢٠١٣) ئەفسانەی ئینانا کاریگەری لەسەر میللەتانی دیکە هەبووە، کە هاتوونەتە سەر خاکی کورد و نیشتەجێ بوونە. سەبارەت بە شاماران، ئەم ئەفسانەیەش بەدەرنیە لە شێوندن و هەوڵی بردن و تۆمارکردنی بەناوی خۆیانەوە بە تایبەت لە لایەن (تورک و فارس) بەڵام ئەوەندە بەسە، کە ناوی ئەفسانەکە و پاڵەوانی ئەفسانەکەش کوردییەکی رەسەنە. (شا+مار+ان= شا وشەیەکە لە باکوری کوردستان هیتییەکان بە شێوەی (هاشو) بەکاریان هێناوە) لە کوردی کۆن سۆمەری وشەی مار بە (مر ) بەکارهاتووە. واتە بە بەڵگەی چوار هەزار ساڵ لەمەوبەر (هاشومر) هەر بە مانای شاماران بەکارهاتووە) (حەمەڕەش، haje.ir) هیتییەکان هەمان سیستەمی نووسینیان بەکارهێناوە و لە ڕووی کەلتور و زمانیشەوە جیاوازیان نەبووە لەگەڵ هۆز و میرنشینەکانی دیکەی سۆمەر، هیتییەکان بەشێکن لە نەتەوەی کورد (سۆمەر) ئەفسانەی شاماران یەکێکە لە ئەفسانە کۆناکانی کوردستان، گێڕانەوەی زۆر و جۆراو جۆری هەیە، بەڵام هەموویان لە یەک بازنەدا دەسورێنەوە. سەبارەت بە ناوی پاڵەوان لەم ئەفسانەیەدا ناوەکەش چەند جۆرێکی هەیە هۆشەنگ شێخ محەمەد بە (جاماسپ) ناوی هێناوە و سۆران هەمە ڕەش بە (تامەسپ) پێشیوایە ناوەکە لە کوردی کۆن (سۆمەری)دا هاتووە (تامەسپ لە هەندێ شوێندا بە ' Tamhasp' نووسراوە، بە پێی ئاشناییم بە ناوە دێرینەکان وا دەردەکەوێت کە ناوەکە لە دوو بەشی (تام+ئەسپ) دروست بوویێت. وشەی ئەسپ ڕوونە و لە سەردەمی میدەکانەوە بەهۆی گرنگی گیانداری ئەسپ، زۆر ناوی لەم جۆرە بەدی دەکرێت، کە بەشێک لە پێکهاتەکەیان ئەسپ بووە. بەڵام وشەی (تام) لە زمانی خزمە جێرمانیکەکاندا دەردەکەوێت، بۆ نموونە لە ئینگلیزیدا بە شێوەی ' tame' دەردەکەوێت کە وەک کردار

مانــای (مــاڵیکردن، دەســتەمۆکرد) دەدات، لە کــوردی نوێــدا بە شــێوەی (تەمــێ/کــردن) دەردەکەوێــت. بــۆیە پــێ دەچێــت کە نــاوی تامەســپ لە ڕابــردوودا مانــای (ئەســپی ڕاهێنــراو/ دەســتەمۆکراو)ی دابێــت) (حەمەڕەش، haje.ir) ســەبارەت بە کــاریگەری ئەفســانەی شــاماران لەسەر نەتەوەی کورد لە ئاستێکدابووە دەگوترێ (لە مێژوو و شارستانیەتی نەتەوەی کورددا، بنــاغەی ئاینەکانی وەک ' ئێزدی و یارسان – ئەهلی حەق' لە سەر بنەمای ئەم فەلسەفە و ئایــدۆلۆژیا و دونیــابینییە دروســتبوون) (ڕەمەزانــی، ٤، ١٣٩٧) وەک لەســەرەوە ئاماژەمــان پێــدا ئەفســانە بەشــێکی گێــڕانەوەی مێــژووی نەتەوەیــیە بە پێــی تایبەتمەنــدییەکانی، وە بە پێچەوانەشــەوە دەکــرێ ســود لە کەرەســەی ئەفســانە وەربگیــرێ بــۆ گێــڕانەوەی مێــژوو. لە هەمانکاتدا ئەفسانە سەرچاوەیەکبووە بۆ کۆکردنەوە و گەیاندن و پاراستنی بیرو باوەڕی دینی (ئەم دەقە ئەفسانەییانە پیرۆزن، چونکە باسی سەربوردەیەکی پیرۆزمان بۆ دەگێڕنەوە) (خۆشناو،١٥، ٢٠١٣) پیرۆزی شاماران دەگەڕێتەوە بۆ خوداوەندێتیەکەی لە ئاینی میترایی کە یەکــێکە لە کــۆنترین ئاینەکــان. کەمــاڵ ڕەمەزانــی نووســیویەتی شــاماران (هێمــای بەخێوکردن و دانایی 'حیکمة' و ئانیا 'نیعمة') (ڕەمەزانی، ٤، ١٣٩٧) لە ئاینی میترایدا، کە ئاینێکی کۆنی کوردییە.

## ٢- پاڵەوان و گەشت:

لە هەموو ئەفسانەکاندا پاڵەوان هەیە و پاڵەوان لە ڕێگەی گەشتێکەوە ڕووبەڕووی چەنــدین کــاری ســەخت و دژوار دەبێتەوە. جۆزێــف کامبــڵ ســەبارەت بە پــاڵەوان دەڵــێ (ئەوەی بانگەشــەی پــاڵەوان دەکــات، چارەنووســە و ســەنتەری ڕۆحــی بــۆ شــوێنێکی نەناســراو دەگوازێتەوە. ئەم شوێنی چارەنووسە بە ڕادەی ئەوەی سەرجڕاکێشە ترسناکیشە) (کۆزینیو، ٢٠٢٤، ٦٣) کارەکــانی پــاڵەوانی ئەفســانە لەڕادەبەدەرن، لەبەرئەوەیە کە ســەرنج ڕاکێشــن و ترسناکن، چونکە مرۆڤی ئاسایی ناتوانێ ئەو کارانە ئەنجامبدات. (بێکەر و ئیگلی) لە ڕوانگەیەکــی دەروونناســییەوە بەم شــێوەیە پێناســەی پــاڵەوان دەکەن: "پاڵەوانەکــان کەسانێکن، کە بە نـاوی کەسێك یـان چەنـد کەسێك هەڵـدەبژێردرێن بـۆ ئەوەی کـاری مەترسیدار ئەنجام بدەن، سەرەڕای ئەگەری مردن یان تووشبوونیان بە لێکەوتەی جەستەیی بەهۆی ئەو کـارانە) (خەلیل،٢٠٢٣ ،٣١) کەواتە پـاڵەوان هەڵبژێرداون و کەسـانی نـا ئاسـاین. هەر لەبەر ئەوەشــە کــاری قــورس و لە ڕادەبەدەر ئەنجــام دەدەن و گەشــتەکانیان پــڕە لە سەرکێشی. گەشتی پاڵەوان بە (مۆنۆمیت)یش ناسراوە، زاراوەیەکە لە لایەن جۆزێف کامبل لە کتێبــی (پــاڵەوانی هەزار ڕووخســار)دا داڕێــژراوە. گەشــتکردن لە خــاڵێکەوە دەســت پــێ دەکـات بـۆ گەیشـتن بە ئامانجێـک، بێگومـان گەشـتکردن یەکـێکە لە هونەرەکـان و دەچێتە قاڵبی هونەری ڕەفتارییەوە (گەشتکردن وەک هونەرێک دەتوانێت بەشێک بێت لە

پۆلی هونەرە ڕەفتارییەکان)(همشهری:ماڵپەڕ) ئەو شتانەی لە گەشتەکەدا ڕووبەڕووی پاڵەوان دەبنەوە، هەریەکە و بە جۆرێک مامەڵیان لەگەڵ دەکات. (گەشتەکە بە زۆری کۆمەڵێک سەرکێشی تێدایە، کە پاڵەوان پێویستە بەسەریان زاڵبێت بۆ ئەوەی بتوانێت بە ئامانجەکەی بگات) (Grammarly، ماڵپەڕ) گەشتی پاڵەوان لە ئەفسانەدا گەشتێکی ئاسای نییە، هەربۆیە گەشتکردن لە لایەن کەسانی تایبەتەوە دەکرێ، بۆ مەبەست و گەیشتن بە ئامانج و دەستکەوتنی وەڵامی پرسیارەکان و بە جێ گەیاندنی ئارەزووە نا ئاساییەکان. تێگەیشتنمان لە گەشتی پاڵەوان لە ئەفسانەدا وادەکات پەی بە نهێنیەکانی ئەفسانەکە ببەین و لە بیر و بۆچوونی مرۆڤ و کۆمەڵگە و شارستانیەتەکان لە ڕۆژگارە کۆنەکان و نوێکان باشتر تێ بگەین. ستیڤن پێرسفێڵد سەبارەت بە ئامانجی پالەوان کە بەهۆیەوە گەشت دەکات پێیوایە (هەرچەند پالەوانەکە ڕەنگە لە گەشتەکەیدا هەوڵ بدات بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو، بەڵام ئامانجی سەرەکی تەنها گەڕانەوەیە بۆ ماڵەوە) (steven، ماڵپەڕ) پاڵەوان لە هەندێ کاتدا بە هۆی سەختی و دژواری ئەو ڕووداوانەی بۆی دێنە پەشەوە ئارەزووی گەرانەوەدەکات. بۆ ئەم مەبەستەش پەنا بۆ چەندین ڕێگەی جۆراوجۆردەبەن. هەرچەندە جۆزێف کامبڵ لە کتێبەکەی خۆی (پاڵەوانی هەزار ڕووخسار) ئاماژەی داوە بە (١٧) هەنگاو، کە پاڵەوان پێییاندا تێپەڕ دەبێت(Campbell, 1968 ,45 ) بەڵام ئاساییە ئەگەر لە ئەفسانەیەکدا هەموو ڕێگاکانی تێدانەبن، سەبارەت بە هەنگاوەکانی گەشتی پاڵەوان کریستوفر ڤۆگلێر (گۆڕانکارییەکی حەوت هەنگاوی لە گەشتی پاڵەواندا پەرەپێدا کە جەخت لەسەر ڕۆڵی ئارکیتایپەکان دەکاتەوە) (Grammarly، ماڵپەڕ) کریستوفر خۆی ئاماژە بەوە دەدا، کە لە ژێر کاریگەری تیۆرەکەی کامبل دایە، لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێ هەموو ئەفسانەکان ئەم ڕێگایانەیان تێدانەبێت بەشێک لە ڕێگاکان هەبن، یاخود لێکۆڵەران ئەو هەنگاوانەی دەیانەوێ، کە مەبەستیانە ئامانجێکیان پێ نیشانبکەن لەسەریان توێژینەوەبکەن. لەم توێژینەوەیەدا تیۆرەکەی جۆزێف کامبڵ پەیڕەوکراوە، سەرجەم هەنگاوەکانی دیارکراوە.

## ٢-١ جۆزێف کامبڵ و هەنگاوەکانی گەشتی پاڵەوان:

جۆزێف کامبڵ لە کتێبی (پاڵەوانی هەزار ڕووخسار) تیۆری گەشتی پاڵەوانی دارشتووە. تیۆرەکەی دابەشی سەر سێ بەشی سەرەکی کردووە، هەر بەشێک چەندین هەنگاو لە خۆ دەگرێ، بە هەموویان (١٧) حەڤدە هەنگاو دەکات. لە سەرەتاوە بە بانگەواز و گەڵاڵەبوونی گەشتێک بە مەبەستێکی دیاریکراو دەست پێدەکات و بە چەندین قۆناغ و سەرکێشی و مەترسی تێدەپەڕێت، تا دەگاتە دەستپێکی حەقیقی و گەران و تاقیکردنەوەی ئەزموونەکان و گەیشتن بە دڵنیایی و ئانیا. دواتر بە گەڕانەوەی پاڵەوان و چەند بەربەست و

سەرکێشـیتر تـا دەگـاتە ئەو پەڕی گەورەی و ئـازادی لە ژیـان. لە خـوارەوە قۆناغەکـان بـاس دەکەین، بۆ ئەوەی لە هەنگاوەکانی گەشتی پاڵەوان بگەین لە تیۆرەکەدا.

**٢-١-١ ڕۆیشتن: Departure**

**٢-١-١-١ بانگەواز بۆ گەشت (سەرکێشی): The call to adventure**

جۆزێف کامبڵ لە سەرەتای ئەم بابەتەدا باس لە ئەفسانەیەک دەکات بە ناونیشانی (princess and the frog) (چیرۆکێکی ئەفسانەیی سلاڤییە لە چیک و هەنگاریا و ئیتاڵیا و ڕووسـیا بـاو بـووە) (mark- worldhistory.org) سـەبارەت بەمە کامبـڵ دەڵـێ (کەوتنـی تـۆپە ئـاڵتونیەکە بـۆ نـاو کـانیەکە و ونبـوونی لە قوڵاییـدا، ئامـاژەیەکە گەشـتێک دەسـت پێدەکات... دەرکەوتنی بۆقەکە ئاماژەیە بۆ ئەوەی ڕووداوێک دێتە پێشەوە، کە لە سروشتدا نەبێ، وە دەرکەوتنـی بـۆقەکە وەکـو پەرجـوو (معجیـزة)یەکە بـۆ شـازادەی بچـووک. هەروەهـا دەرکەوتنی هەر گیاندارێکی ئەفسانەیی، یان گیاندارێک کە لە سروشتی خۆی دەرچووبێ وەک نموونەی بۆقەکە، یان ڕۆحی شەڕانگێز. سەبارەت بە خەونبین خەونبینینی گەنجێکە، کە بە نەمـریەوە خەون دەبینـێ، یـان کەسـێک لە خەونیـدا دوای مـردن زینـدوو دەکـرێتەوە و سـروش و یـان هەر شـتێکیتر لە سروشـتی خـۆی لایـدابێ. ئەمـانە ئامـاژەن بـۆ گەشـتێک، کە دابەزین یان بەرزبوونەوە لەو گەشتەدا هەیە) (Campbell, 1968, 45-53).

لە ئەفسـانەی ئینانـادا، ئینانـا هەنـدێ نیشـانە و باڵنـدە کە لای کامبـڵ نیشـانەی دەست پێکردنی گەشتێکن دەبینێت، بەم شێوەیە.

(ساڵەکان تێپەڕین؛ پێنج ساڵ، پاشان دە ساڵ
قەدی دارەکە ئەستوربوو،
بەڵام توێکڵەکەی نە قەڵیشت.
دواتر مارێک جادووی لێ ناکرا
لانەی لە ژێر ڕەگی داری هولوپو دروستکرد.
باڵندەی ئەنزو بێچووەکانی لەسەر قەدی دارەکە دانا.
وە خزمەتکاری تاریکی لیلیت خانوی لە ناوقەدی دارەکە دروستکرد.
ئەو ژنە گەنجەی حەزی لە پێکەنین بوو گریا.
چەندە گریا ئینانا!

(هێشتا ئەوان درەختەکەیان بە جێ نەهێشت)) (Kramer ,1983, 5-6) کامبڵ باڵندە و شتە نا ئاساییەکان بە نیشانەی هاتنە پێشەوەی گەشت دادەنێ و لەم ئەفسانەیە ئەمە بە روونی بەرچاوە دەکەوێت.

لە ئەفسانەی شاماراندا ئەو کاتەی تامەسپ چاوی دەکەوێت بە بیرێکی هەنگوین (شتێکی بینی خڕ دیاربوو، شتە خڕەکە وەک بیر وابوو، سەرباری ئەوەی کە بیربوو تا بەردەکانی سەرەوەی پڕی ئاوبوو. بیرێک لەم چۆڵەوانییە وشک و برینگەدا..؟ بیرە ئاو؟! ئەمە دەبوو؟ بۆیە سەرەتا بڕوای بە چاوەکانی نەکرد. بەڵام بە بەردەوامی دەیدیت، کە ئەمە بیرە ئاوێکە و بە بەر چاوانییەوە وەستاوە. ئەو کاتە لەسەرەخۆ خۆی نزیکی بیرە ئاوەکە کردەوە، هاتوو لە تەنیشت بیرەکە چۆکی لەسەر زەوییەکە دانا و لە نزیکەوە تەماشای کرد. بینی بیرەکە تا بەردەکانی سەرەوە لە شتێکی ڕوون و شل پڕە. بەڵام ئەو شتە سورەی لە ناو بیرەکە بوو، ئاو نەبوو! کاتێک جاماسپ لەسەرەخۆ پەنجەیەکی کردە ناو و تۆزێک لەم شتە ڕوون و شلەی بۆن کرد و دڵۆپێکی لە سەر زمانی دانا و تامی کرد، تێگەیشت، کە ئەمە جگە لە هەنگوین شتێکیترنییە) (یوسف،٥٢، ٢٠٢١) بینینی بیرێکی هەنگوینی شتێکی نا ئاساییە، بە پێی تیۆرەکەی کامبڵ بینینی شتی نا ئاسایی بانگەوازە بۆ گەشتی پاڵەوان، یان ئاگاداریەکە کە گەشتێکی لە پێشە. بە هەر هۆکارێکبێ پاڵەوان بەدەم ئەم بانگەوازە ناچێت و ڕاستەوخۆ دەست ناکات بە گەشتەکەی.

### ٢-١-١-٢ ڕەتکردنەوەی بانگەواز: Refusal of the call

سەبارەت بەم هەنگاوە کامبڵ ئاماژە دەکات بەوەی (لە هەنگاوی یەکەمدا کۆمەڵێک شتی ئاماژە پێدا، پشتگوێ دەخرێن، یان بەهەر هۆکارێک ڕەت دەکرێنەوە و بە دەمیانەوە ناچێ تا ئەو کاتەی پاڵەوان دووبارە پێویستە بەرەو ئەو شتە بڕوا، کە پێشتر وەک ئاگاداری، یان ئاماژەیەک بۆی هاتبووە پێشەوە و ڕەتی کردبووەوە)

(Campbell ,1968, 54-57) وەک ئەوەی کچە شازادە بچووکەکە، داواکاری بۆقەکەی رەت کردبووەوە و لە خۆشی وەرگرتنەوەی تۆپە ئاڵتونیەکە ڕایکرد.

لە ئەفسانەی ئینانادا، ئینانا بە دەم بانگەوازەکەوە نەچوو، تا ئەم شتانەی لەناو داری هولوپو بوون لە ناوی بردن و لەوێ دەریکردن، کامبڵ دەڵێ بەهەر هۆکارێکبێ ڕاستەوخۆ گەشتەکەی ناکات.

(دواتر مارێک جادووی لێ ناکرا

لانەی لە ژێر ڕەگی داری هولوپو دروستکرد،
باڵندەی ئەنزو بێچووەکانی لەسەر قەدی دارەکە دانا.
وە خزمەتکاری تاریکی لیلیت خانوی لە ناوقەدی دارەکە دروستکرد.
گریام
چۆن گریام!
(هێشتا ئەوان درەختەکەیان بە جێ نەهێشت))"
گلگامێش جەنگاوەرە ئازاکە، گلگامێش،
پالەوانەکەی ئوروک، پشتی ئینانای گرت
گلگامێش قەلغانی پەنجا مینای لە سینگی بەست.
پەنجا میناکە کێشی پەنجا پەڕ بوو بۆ ئەو.
تەوری برۆنزی هەلگرت، تەوری ڕێگاکە
لە شانیدا کێشی حەوت تالێنت و حەوت مینایە
چووە ناو باخچەی پیرۆزی ئینانا.
گلگامێش لەو مارەیدا کە جادووی لێ نەدەکرا.
باڵندەی ئەنزو و بێچووەکانی بەرەو چیاکان فڕین؛
ماڵی لیلیت تێکدرا و ڕایکردە سارا و چۆڵەوانی.
گلگامێش ڕەگی درەختی هولوپوی دەرهێنا؛

کوڕانی شار، یاوەری بوون، لقەکانیان بڕیەوە) (Kramer , 1983, 8-9) کامبڵ دەڵێ بە هەر هۆکارێکبێ گەشتەکە ئەنجام نادرێ. ئینانا تا ئەو کاتەی گلگامێش یارمەتی نەدا دەستی نەکرد بە گەشتەکەی.

لە ئەفسانەی شامارانداا تامەسپ دوای بینینی بیرە هەنگوینەکە (بەم بیرە هەنگوینە زۆر دڵخۆش بوو، خەریک بوو لە خۆشیدا بفڕێت. دەیوت: دەچم لە ماڵەوە مەشکان دێنم و بە کەرەکە هەنگوینەکە دەگوێزمەوە ماڵەوە و دەیبەمە بازاڕ تا بیفرۆشم. من چەند لە بیری هەنگوینەکە ببەم بیرەکە دیسان پڕ دەبێتەوە، ئەم بیرە، بیری هەنگوینە! پێی بەختەوەر و دەوڵەمەند دەبم!) (یوسف،٢٠٢١،٥٣) کامبڵ ئاماژە بە ڕەتکردنەوەی ئەو داواکاریەدەکات، کە بەهەر هۆکارێکبێ، دواتر پێویستە پالەوان بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی دەست بە گەشتەکەی بکات لەو ڕێگایەدا.

### ٢-١-١-٣ يارمەتی ئەودیو سروشت ( مێتافیزیک)؛ Supernatural aid

یارمەتی ئەودیو سروشت (یارمەتییەکی پێشبینی نەکراوە. ئەو یارمەتیە لە لایەن حەکیمێکی پیر، یان پیرەژنێکی جادووگەر پێی دەگات) (Campbell ,1968, 63) یان یارمەتیەکە لە لایەن خواوەندێکەوە دەبێت.

لە ئەفسانەی ئینانادا خواوەند ئینکی یارمەتی ئینانا دەدات، چەند دەستورێکی پێدەدا و ئامۆژگاری دەکات.

(ئینکی چواردە جار جامەکەی بۆ ئینانا بەرز کردەوە.

چواردە جار دەسەڵاتی پێنج دەستور، شەش دەستور، حەوت دەستوری پێشکەش بە کچەکەی کرد.

چواردە جار ئینانا دەستوری پیرۆزی پەسەند کرد.

پاشان ئینانا، لەبەردەم باوکی وەستا،

دانی بەوەدانا کە ئینکی دەستوری پێ بەخشیوە:

"باوکم دەستوری پێدام:) (Kramer, 1983, 15-16)

لەم هەنگاوەدا پێویستە پاڵەوان یارمەتی ئەودیو سروشت وەربگری. ئینانا لە لایەن خاوەندی چارەنووس ئینکی چەندین دەستور و دەسەڵاتی پێدرا.

لە ئەفسانەی شاماراندا پالەوان یارمەتی ئەودیو سروشت وەردەگری (دوای کتێبەکەی باوکی هاتەوە بیر، باوکی لە کتێبەکەدا باسی ڕێگایەکی کردبوو، کە دەچووە وڵاتی بن زەوی و دەیوت: (لە بنی بیرێکەوە بۆی دەچی) بەڵام جاماسپ لەبەر دڵخۆشییەکەی بە بیری هەنگوینەکە، زۆر بیری لەم شتە نەدەکردەوە) (یوسف،٢٠٢١،٥٣) لە گێڕانەوەی ئەفسانەکەدا لە چەندین شوێن لەسەر زمانی شاماران و پاشا و وەزیری پاشا باس لە (زریال)ی باوکی تامەسپ کراوە، وەک پیاوێکی دانا (حکیم) کە خاوەنی کتێبێکە چەندین زانیاری گرنگ و ڕێگای وڵاتی مارانی تێدا باسکراوە. کامبڵ ئەم جۆرە یارمەتیانەی بە یارمەتی دانایەکی پیر لێکداوەتەوە.

### ٢-١-١-٤ دەست پێک( بەزاندنی یەکەم سنور 'بەربەست')The crossing of the first threshold

یەکەم ڕووبەڕوو بوونەوەی پاڵەوان لەگەڵ شتێک کە دەبێتە بەربەست و پێویستە تێی پەڕێنێ جۆزێف کامبڵ دەڵێ (هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە، کە ڕێگری لە پاڵەوان دەکەن، تا نەگاتە پارێزەری بەربەستەکە. تێپەڕاندنی یەکەم بەربەست دەکرێ بە یارمەتی

ئەودیو سروش بێت، یان بە بێ یارمەتی و پاڵەوان ئامادەبێ بۆ هەموو ئەگەرەکان و مەترسی و ڕووبەڕوو بوونەوەکان. پێویستە بەربەستەکە ببەزێندرێ بۆ ئەوەی پاڵەوان بگاتە ئەو زانینەی دەیەوێ، یان ئەو شوێنەی مەبەستیەتی) (Campbell, 1968, 64-65)

لە ئەفسانەی ئینانادا پالەوان بە یارمەتی ئەودیو سروشت دەچێتە بەردەم بەربەستی یەکەم و تێی دەپەڕێنێت و ئامادەی هەموو ئەگەرەکانە.

(بە دەنگێکی بەرز و توڕە هاواریکرد:
دەرگاوان، دەرگاکە بکەوە!
دەرگاکە بکەوە، نیتی!
بە تەنیا دێمە ژوورەوە!"
نیتی، دەرگاوانی جیهانی ژێرەوە(kur) پرسی:
تۆ کێی؟"
ئەو وەڵامی دایەوە:
من ئینانام، شاژنی بەهەشت،
بە ڕێگاوەم بۆ ڕۆژهەڵات."
نیتی وتی:
ئەگەر بەڕاستی تۆ ئینانای، شاژنی بەهەشت،
بە ڕێگاوەی بۆ ڕۆژهەڵات،
بۆچی دڵت ڕابەرایەتیت ئەکا بۆ ئەم ڕێگایە
کە هیچ گەشتیارێک لێوەی ناگەڕێتەوە؟"
ئینانا وەڵامی دایەوە:
لەبەر... خوشکە گەورەکەم ئەرشکیگال،
مێردەکەی، گوگالانا، گای بەهەشت، مردووە.
هاتووم بەشداری ڕێوڕەسمی پرسەکەی بکەم
با شەڕابی ڕێوڕەسمی پرسەکە بکرێتە ناو جامەکە
با ئەوە بکرێت"

**نیتی قسەیکرد:**

لێرە بمێنەوە، ئینانا، قسە لەگەڵ شاژنەکەم دەکەم.

پەیامی تۆی پێ دەگەیەنم.) (Kramer, 1983 , 55) ئینانا لێرەدا یەکەم بەربەستی گەشتەکەی دەبەزێنێت و ئیتر ڕێگەی گەڕانەوەی نییە.

له ئەفسانەی شاماراندا، کاتێک تامەسپ لە بنی بیرەکەوە ڕووناکایەک دەبینێ و دواتر بە دوایدا دەچێت، یەکەم بەربەستی گەشتەکەی دەبەزێنێت (لە بنی بیرە تاریکەکەدا جاماسپ بینی لە نێو درزی بەردەکاندا، ڕووناکییەکی بەرچاو دەکەوێت. ئەم ڕووناکییە بە قەد کونی دەرزییەک گەورەبوو، بە دەسکی کەوچکەکەی بەردێکی دەرهێنا. بە دەست ئەو جێیەی ڕووناکی لێ دەهاتە دەر، کۆڵا. گەورەی کرد. بەڵام پەنجەی بەر شتێکی وشک کەوت، مەراق بوو کە بزانێ ئەمە چییە؟ بۆیە خێراتر کۆڵای. دوای ماوەیەک بینی ئەمە تاتێکی پانە و وەک دەرگایەکی داخراو وایە. ڕووناکییەک لە نێو بەردەکاندا بە ڕووخساری کەوت. دەسکێک بە دەرگای بەردینەکەوەبوو. جاماسپ دیسان بڕوای بە چاوەکانی نەکرد، ئەمە چ بیرێکە کە سەرەتا هەنگوینی تێدا دەرکەوت و ئێستاش دەرگایەکی بە دەسک، دەستی دایە دەسکەکە تا دەرگاکە بکاتەوە، لەبەر دەرگاکە دانیشت و تەماشای ئەم شتە سەیر و سەمەرەیەی کرد و کەمێک بیری کردەوە. دوای بە نەرمی دەستی دایە دەسکەکە و دەرگاکەی بەلای خۆیدا ڕاکێشا، بەڵام چی دیت؟ بینی لە لایەکەی دی، هەر هەنگاوێک لەبەر پێیەکانی دونیایەکی نوێ خەملاوە) (یوسف، ٢٠٢١، ٥٥-٥٦) لە گێڕانەوەکەی هۆشەنگ شێخ محەمەد تێپەڕاندنی یەکەم بەربەست بە بێ یارمەتی ئەودیو سروشتە، پاڵەوان ئامادەی هەموو ئەگەر و مەترسییەکانە، بەڵام لە گێڕانەوەکەی سۆران حەمەڕەش بەم شێوەیە هاتووە (کاتێک کە تامەسپ لە هاتنە دەرەوە بێ هیوا دەبێت، کونێک لە دیواری بیرەکەدا دەدۆزێتەوە و بە چەقۆکەی کونەکە گەورە دەکات و لەو کونەوە دەچێتە ئەشکەوتێکی گەورەوە. لەوێدا بە نائومێدی دەمێنێتەوە هەتاوەکو خەوی لێدەکەوێت. کاتێک کە بە ئاگا دێت، هەزاران مار لە دەوری دەبینێت. مارەکان چاوی تێدەبڕن و کاتێک کە دەبینن تامەسپ دەبزوێت، هەموویان دەکەونە جوڵە بەرەو ڕووی. تامەسپ دەزانێت کە ئەو هەموو مارە هەر دەیکوژن و ناتوانێت لێیان دەرباز ببێت، بۆیە چاوەکانی دادەخات و دەستدەکات بە پاڕانەوە لە خوا. ماوەیەک چاوەڕوانی دەکات، لە کۆتاییدا ورە دەداتە خۆی و چاوی دەکاتەوە. کە چاوی دەکاتەوە، دەبینێت ئافرەتێکی زۆر جوان کە نیوەی مارە و نیوەی مرۆڤە، بەرامبەری ڕاوەستاوە)(حەمەڕەش،haje.ir) لەم گێڕانەوەیەدا تامەسپ بێ ئومەد دەبێ لەوەی بتوانێ لە بیرەکەوە بێتە دەرەوە، بۆیە دەست دەکا بە هەڵکۆڵین، واتە بێ ویستی خۆی دەست دەکات بە بەزاندنی یەکەم بەربەست، بەڵام ئەوەی جێگەی ئاماژەیە، خوا وەک هێزێکی فریادڕەس و پارانەوەی تامەسپ، تا لە یەکەم بەربەست رزگاری بێت. یارمەتی خوا و گیرابوونی نزاکان یارمەتی ئەودیو سروشتە. لەم دوو گێڕانەوانەدا جیاوازیەکە لەوەدایە، کە پاڵەوان بێ یارمەتی ئەودیو سروشت هەنگاو دەنێ و

ئامادەی هەموو رووبەڕوو بوونەوەیەکە، بەڵام لە دووەم گێڕانەوەدا پاڵەوان بێ ئاگایە و بە یارمەتی ئەودیو سروشت بەربەستی یەکەم تێ دەپەڕێنێت. بە پێی تیۆرەکەی کامبڵ کاتێک پاڵەوان ئەم بەربەستەی بڕی ئیتر ڕێگەی گەڕانەوەی نییە.

**٢-١-١-٥ سکی نەهەنگ The belly of the whale**

شوێنێکە نەزانراوە نامۆیە بە پاڵەوان لە باسی ئەم هەنگاوەدا کامبڵ دەڵێ (خاڵێکی وەرچەرخانی گرنگە خاڵی نەگەڕانەوەیە بۆ پاڵەوان. ناوەندێکە، کە پالەوان تیایدا توشی داڕوخانێک دەبێت، کە دەبێتە هۆی زانینێک، یان لە کۆتایدا هێزێکی پێ دەبەخشێ. زۆرجاریش مردن و ژیانەوەی تێدایە، بەڵام لە کاتی تێپەڕینی ئەم هەنگاوەدا بەسەر ترسەکان و گومانەکان و خۆ بەکەم زانینەکانی زاڵ دەبێت. ئەو شتانەشی بە دەستی دێنێ لەم شوێنە زانینە یان هێزە، کە لە تەواوکردنی گەشتەکەی سودیان لێ وەردەگرێت)(Campbell, 1968,74)

لە ئەفسانەی ئینانادا دوای ئەوەی دەرگاوانی جیهانی ژێرەوە دەرگا لە ئینانا دەکاتەوە. پاڵەوانی گەشت ڕووبەڕووی چەند کارێک دەبێتەوە، کە پێویستە بیانکات.

(نیتی فەرماندەی دەرگاوانانی جیهانی ژێرەوە (kur)
چووە ناو کۆشکی ئەرشکیگال، شاژنی جیهانی ژێرەوە،
وتی:
شاژنەکەم، خانمێک
بەرز وەک ئاسمان
پان وەک زەوی،
وەک بناغەی شورای شار بە هێزە،
لە دەرەوەی دەروازەی کۆشک چاوەڕێ دەکات.
ئەو حەوت دەستووری کۆکردۆتەوە.
ئەوانی خستۆتە ژێر دەستی.
لەگەڵ، ئەو دەستورەی هەڵیگرتووە، خۆی ئامادە کردووە:
تاجی دەشت 'شوگورا'ی لەسەرە
پەرچەمی ڕەشی بەسەر نەوچاوانی ڕێکخراوە.
مووررووی یاقوتی بچوکی لە ملدایە.
لە سەر سینگی دوو دەزووی مووررووی داناوە.
جەستەی داپۆشراوە بە کەوای شاهانە.

چاوەکانی ڕشتوە، کە پێی دەگوترێ " بابێت لێگەڕێ با بێت'
لە دەوری سینگیدا، ئەو بەرسینگەی بەستووە، کە پێی دەگوترێ وەرە پیاو وەرە!'
بازنەی زێڕینی لە مەچەکی بەستوە.
گۆچان و خەتی یاقوتی پێوانەکردنی بە دەستەوەیە.
کە ئەرشکیگال ئەمەی بیست،

زلەیەکی لە ڕانیدا و لێوی گەست)(Kramer, 1983,56)لەم هەنگاوەدا، پاڵەوان دەچێتە شوێنێک، گەڕانەوەی ئاسان نییە. هەروەک کامبڵ ئاماژەی بۆ دەکات مردن و ژیانەوەی تێدایە، کە پاڵەوانی گەشت، ئینانا دەمرێت و زیندوو دەکرێتەوە. واتە پاڵەوان کۆمەڵە شتێکی بەسەر دێت، نازانێت چین و چارەسەریان چییە.

لە ئەفسانەی شاماراندا ڕاستەوخۆ دوای تێپەڕاندنی یەکەم بەربەست پاڵەوان نازانێ بەرەو کوێ دەبرێ و چارەنووسی چییە (کاتێک وەزیری شاماران لەگەڵ دوو لە هاوڕێکانی لە سەر سەری جاماسپ وەستان، ئەو لە خەوی قووڵ خۆشی خۆیدا ڕاپەڕی و هەستایەوە. وەزیر بە دەنگێکی بڵند و بە زمانی ئەو وتی: ئەی مرۆڤ! هەستەوە و لە دوی ئێمە وەرە! تۆ ئەمڕۆ میوانی شامارانی، شابانووی ماران) (یوسف،٢٠٢١،٥٨) کامبڵ ئەم هەنگاوە بە وەرچەرخانێکی گرنگ دەدەنێ لە گەشتی پاڵەوانەکەدا، چونکە خاڵی نەگەڕانەوەی پاڵەوانە، ئیتر پاڵەوان ناتوانێ بگەڕێتەوە.

**٢-١-٢ دەستپێک Initiation**

**٢-١-٢-١ ڕێگای ڕووداوەکان: The road of trials**

ڕێگەیەکە کە ڕووداوەکانی تێدا ڕوودەدەن، جۆزێف کامبڵ دەڵێ (ئەو کاتەی بەربەستی یەکەم لە لایەن پاڵەوانە تێ پەڕێندرا، پاڵەوان دەکەوێتە شوێنێک کە لە خەون دەچێت و پڕە لە شتی سەیر و نامۆ. بە شێوەی جیاواز و گوماناوی، کە پێویستە زنجیرەیەک ڕووداو تێ پەڕێنێ. پاڵەوان لێرەدا یارمەتی و ئامۆژگاری لەو شتەی یان کەسەی لە هەنگاوی ئەودیو سروشت یارمەتی دابوو بەکاریان دێنێتەوە، یان درک بەوە دەکات پاڵپشتی نەبڕاوە لە چواردەورەکەیەوە بۆی دێت بۆ ئەوەی بەربەستەکانی تێ پەڕێنێت) (Campbell, 1968,89) لێرەدا پاڵەوان ڕێگەی سەرکەوتن و تێ پەڕاندنی بەربەستەکان دەدۆزێتەوە.

لە ئەفسانەی ئینانادا، پاڵەوان دوای تێپەڕاندنی یەکەم بەربەست ڕوو بە ڕووی چەندین ڕووداوی سەرنج ڕاکێش دەبێتەوە، کە لە خەون دەچن.

(وەرە نیتی، گەورە دەرگاوانی جیهانی ژێرەوە (kur)م،

بەوردی گوێ بگرە:

حەوت دەروازەی جیهانی ژێرەوە دابخە

پاشان یەک بە یەک هەر دەروازەیەک درزێک بکەوە.

با (ئینانا بێتە ژوورەوە)

کاتێک دێتە ژوورەوە، جل و بەرگی شاهانەی داکەنە

با کاهینی پیرۆزی ئاسمان بە چەمانەوە بێتە ژوورەوە.

نیتی گوێی لە قسەکانی شاژنەکەی گرت.

حەوت دەروازەی جیهانی ژێرەوەی داخست.

پاشان دەروازەی دەرەوەی کردەوە.

بە خاتوونەکەی گوت:

وەرە ئینانا وەرە ژورەوە) (Kramer, 1983, 57) لە دوای چوونە ژورەی پاڵەوان کامبڵ دەڵێ یارمەتی لەو دیو سروشت وەردەگرێت بۆ دەربازبوون لەم ناهەمواری و سەختیەی تێیکەوتووە.

لە ئەفسانەی شامارالدا ئەم هەنگاوە لە دیداری تامەسپ و شاماران دەست پێ دەکات (جاماسپ لە دوی مارەکان ڕۆیشت و تا لەبەر دەرگای کۆشکێک وەستان. مارەکان ڕێیان بۆ میوان کردەوە، تا ئەو پێش ئەوان بچێتە ژوورەوە. جاماسپ چووە هەیوانی گەورە و نەخشینی کۆشکەکە. لە دورەوە نیو مار و مرۆڤێکی دیت، لەسەر تەختێکی زێڕین دانیشتبوو، ڕوو بە پێکەنین چاوەڕێی نزیکبوونەوەی جاماسپی دەکرد. جاماسپ بەمە سەرسامتربوو، چونکە ئەو مارەی لەسەر تەختەکەبوو، لە هەموو مارەکانیتر جیاوازتربوو. سەرێکی جوانی مرۆڤانەی هەبوو، لەشی، لەشی ماران بوو و سەریشی هی مرۆڤان بوو. سەری کچێکی شۆخ.. ئەو شابانووی ماران (شاماران)بوو! دەسەڵاتداری ژێر زەوی بوو. کاتێک جاماسپ لێی نزیک کەوتەوە. وتی:

- جاماسپ، سەر سەر و سەر چاوم هاتی.

جاماسپ بەسەرسامی و مەدهۆشیەوە پرسیاری کرد:

- شابانووی بەڕێز! ئێوە چۆن من دەناسن؟

شاماران ئاوا وەڵامی پرسیارەکەی جاماسپی دایەوە:

- کاتێک من دەنگوباسی کتێبی باوکی تۆم بیست، زۆر دڵخۆش بووم. هیوای هاتنەوەمان بۆ سەر زەوی بە هێزتربوو، ئەوەی باوکت بۆ مرۆڤایەتی کردووە، کارێکی

گەورەیە، من زۆر بیرم لە کارەکەی باوکت کردۆتەوە. هەروەها من ناوی تۆم کوڕی زریال، بە ناوی جاماسپ بیستوە، دواتریش من تۆم لە خەونی خۆمدا دیتوە، لەو ڕۆژەوە من هەر بیر لە تۆ دەکەمەوە) (یوسف، ٢٠٢١، ٥٩- ٦٠) کامبڵ ئەم هەنگاوەی بە شوێنێک وەسفکردووە کە بۆ پاڵەوان لە خەون دەچێت و پڕە لە ڕووداوی سەیر، وە پاڵەوان یارمەتیەکانی هەنگاوی ئەو دیو سروشت بەکاردێنێتەوە و کەڵکیان لێ وەردەگرێ، کە کتێب و قسەکانی دانایەکی پیر (زریال)ی باوکی بوو.

**٢-١-٢-٢ چاوپێکەوتنی خواوەندی ژن: The meeting with the Goddess**

لەم هەنگاوەدا پاڵەوان چاوی بە خواوەندی ئافرەت دەکەوێ پێویستە داوکاریەکانی خواوەندی ئافرەت جێبەجێ بکرێت لە پێناو ڕەزامەندی خواوەندەکە، جۆزێف کامبڵ تەنها نموونەی لە ئەفسانەدا باسکردووە. سەبارەت بەم هەنگاوە عیماد ئەحمەد دەڵێ (بریتییە لە گەیشتنی پاڵەوان بە شاژن و جێبەجێکردنی دواکارییەکانی،شاژن) (خەلیل،٤١،٢٠٢٣)

لە ئەفسانەی ئینانادا، پالەوان چاوی دەکەوێت بە خواوەندی ژن، ئەرشکیگال خواوەندی جیهانی ژێرەوە، کە پرسەی هاوسەرەکەی گای بەهەشتی هەیە.

(بە ڕووتی و چەمینەوە، ئینانا چووە ژوور پێش تەختی پاشایەتی.

ئەرشکیگال لەسەر تەختەکەی هەستا.

ئینانا بەرەو تەختی پاشایەتی ڕۆیشت.

ئانونا، دادوەرانی جیهانی ژێرەوە، دەوریان دا.

ئەوان فەرمانیان لە دژی دەرکرد.)(Kramer, 1983, 60 ) لەبەر ئەوەی ئەرشکیگال گومانی هەبوو لەوەی ئینانا بۆ مەبەستێک هاتبێ فەرمانی بە دەرگاوانی جیهانی ژێرەوە کردبوو، کە هەموو نیشانەکانی خواوەندێتی لە هەر حەوت دەرگاکەی جیهانی ژێرەوە لە وەربگرێت و بە ڕووتی بە کڕنوشەوە (چەمینەوە) بگاتە لای ئەرشکیگال.

لە ئەفسانەی شاماراندا تامەسپ چاوی دەکەوێ بە شامارانی خواوەندی ژن لە گێڕانەوەکەی هۆشەنگ شێخ محەمەد (شاماران لەبەر چاوی هێشتا جوانتربوو، کاتێک کتێبی باوکی خۆی خوێندبووەوە، پەسن و سەنای باوکی لە بارەی شامارانەوە دڵی جاماسپی بردبوو. ئیدی ئەو هیچ ترسی لە دڵدا نەمابوو. لەبەر شەنگ و شۆخییەکەی شاماران، لە بووراییەوە. ئاگری ئەوینی دڵی گەرمتر پێکەوت) (یوسف،٢٠٢١،٦٠) ئەمە یەکەمین دیدار و چاوپێکەوتنیانە، بەڵام سۆران حەمەڕەش بە شێوەیەکیت باسی یەکەم دیدار دەکات

(کاتێک کە تامەسپ لەخەو هەڵدەستێت دەبینێت کە شاماران دانیشتووە و لەبەردەمیدا نانی بەیانی ڕازێنراوەتەوە. ئەمجا شاماران بانگی دەکات بۆ سەر خوانەکە. تامەسپ زۆر لە دیمەنی شاماران سەری دەسوڕمێت و حەزی لێدەکات. بە درێژایی ماوەکە تامەسپ چاوی لەسەر شاماران ناجوڵێنێت. بەو جۆرە نانی بەیانی بەیەکەوە دەخۆن. شاماران زۆر زانا و شارەزای نهێنیەکانی دنیادەبێت و بەسەرهاتی جیاوازی لادەبێت، بۆیە چیرۆکی دروستبوونی مرۆڤ بۆ تامەسپ باس دەکات و دوای ئەوە، هەر جارە و بەسەرهاتێکی بۆ دەگێرێتەوە. تامەسپیش حەز لە چیرۆکەکان دەکات و بە تامەزرۆییەوە گوێیان بۆ ڕادێرێت. ڕۆژان دێ و دەڕوا و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر حەز لەیەکتری دەکەن) (حەمەڕەش، haje.ir) ئەمە دوای هێنانی تامەسپ لەلایەن مارەکانەوە بە خەبەرهاتنەوەی شاماران دەبینێ. لە قسەکانی شاماران داواکاری خۆشەویستی هەیە و دواجار هاوسەرگیریش دەکەن. بە پێی تیۆرەکەی کامبڵ پێویستە داواکاری خاوەندی ژن جێبەجێ بکرێ لە پێناو ڕەزامەندی خواوەندەکە.

### ٣-٢-١-٣ ژن وەک فریودەر: Woman as the temptress

جۆزێف کامبڵ هیچی سەبارەت بەم هەنگاوە نەنووسیوە، تەنها بە هێنانەوەی نموونە بابەتەکەی روونکردۆتەوە، بە تێگەیشتنمان لە نموونەکان دەتوانین بڵێین، مەبەست لە ژن وەک فریودەر ئەوەیە، کە پاڵەوان دووچاری بابەتی وروژێنەردەبێ، وروژێنەرەکان سێکس و خۆشەویستی و دەروونی و دابڕانی کۆمەلاتیین، کە پاڵەوانەکە دوابخا لە گەیشتن بە ئامانجەکەی، یان ڕووبەڕووی داواکاریەک دەبێتەوە کە لە لایەن شاژنەوە لێی دەکرێ، کە دەبێتە هۆی دواکەوتنی لە گەیشتن بە ئامانجەکەی. هەروەها ئەو نهێنیانەی لای شاژن، یان ئافرەت یاخود خواوەندی ئافرەتەوە هەن و لە پاڵەوانی دەشارنەوە دەبێتە هۆی دواکەوتنی گەیشتن بەوەی دەیەوێ. زۆربەی جار ئافرەتەکە شاژن، یاخود شازادەیە، بەلام دوای ئەم فریودانە پاڵەوان دەبێتە خاوەنی دانایی (حیكمة) یان پەندێکی لێ وەردەگرێ.

لە ئەفسانەی ئینانادا، پاڵەوان بە چەمینەوە دەچەتە ژوورەوە، خواوەندی جیهانی ژێرەوە، لە دڵی خۆی دایناوبوو، کە حەوت نیشانەکانی خواوەندێتی لێ وەربگرن و بە ڕووتی بگاتە بەردەمی، بۆ ئەوەی بیکوژێت. ئەم پلانەشی فریودانی ئینانا بوو، بۆ ئەوەی بێ دەسەلاتبێ و دەسەلاتی خواوەندێتی نەمێنێ نیشانەکانی لێ وەرگرت.

(پاشان ئەرشکیگال چاوی مەرگی لە ئینانا بەست.
قسەی بە تووڕەیی لە دژی کرد.
بڕیاری تاوانباری بە سەریدا سەپاند

هێرشی کردە سەر.
ئینانا بوو بە تەرم

پارچەیەک گۆشتی بۆگەن،

وە بە قولاپێـــک بە قەد دیـــوارەکە هەڵواســـرا) (Kramer, 1983,60)چـــاوی مەرگ هێمایەکە لای سۆمەریەکان، وەک هێمای چاوزار. هێمای مەرگ لە شێوەی گوڵی نیلوفەرە. ئەرشکیگال بۆ چاوبەستی ئینانا بە کاری هێناو دواتر لێیدا و کوشتی.

لە ئەفسانەی شاماراندا پاڵەوان ڕووبەڕووی داوکاریەک دەبێتەوە لە لایەن شامارانەوە (ئەنجومەنی وەزیرانی بەڕێز! وەک بیستوتانە من دەمەوێ لەگەڵ جاماسپی مرۆڤ، هاوژینی بـکەم! دەزانـم ئەمە شـتێکی وا ئاسـان نیـیە، لە دەرەوەی دابـونەریتی ئەمەیە، بەڵام دڵـی مـن کەسیتری ناوێت! ئەگەر تـا ئێسـتا باوەڕتـان بە مـن هێنـاوە، دەبـێ متمانەشـم پـێ بـکەن کە ڕاسـتی دەڵـێم) (یوسـف،٦١،٢٠٢١)یەکێـک لەو شـتانەی کامبـڵ لە تیـۆرەکەی باسـی دەکـات، داواکـاریەکە کە لە لایەن شـاژنەوە لە پـاڵەوان دەکرێـت و دەبێـتە هـۆی دواکەوتنـی لە گەیشـتن بە ئامـانجەکەی. دواتـر لە ئەفسـانەکەدا وەزیـری گەورە دوای سـێ ڕۆژ لە ڕاوێـژ لەگەڵ وەزیرەکانیتر سێ مەرج بـۆ تامەسپ دادەنێن، کە یەکێکیـان مـانەوەیەتی لە وڵاتـی مـاران و نەگەڕانەوەیەتـی بـۆ وڵاتـی خـۆی، ئەمە دەبێـتە هـۆی ئەوەی بە پێـی گێڕانەوەکەبێـت چوارده (١٤)ساڵ تامەسپ ناگەڕێتەوە جیهانی خۆی.

### ٢-١-٢-٤ ئاشتەوای لەگەڵ باوک Atonement with the father

ئامۆژگاری باوکە بۆ پاڵەوان جۆزێف کامبڵ دەڵێ (باوک ڕۆڵی ڕێکخستنی ژیانی پاڵەوان دەبینێت، لە هەڵە تێگەیشتن و بیرکردنەوەی بچووک و ناژیریانە، بـاوک دەبێتە ڕێ نیشاندەر، دەکرێ باوک خواوەندبێت، بۆ تێگەیشتن لە هەڵە و ناڕێکیەکانی ژیانی پاڵەوان، یـان یـارمەتی بـدات لە تێپەڕانـدنی ئاسـتەنگیەک، کە پێویسـتە پـاڵەوان گـوێڕایەڵی خـۆی نیشانبدات و ئامادەیی ئەوەی تێدابێ گوێڕایەڵی باوک بێت) (Canpbell, 1968, 116-130)

لە ئەفسـانەی ئینانـادا، لێرەدا بـاوکە ئینکـی ئامۆژگـاری ئینانا دەکـات لە ڕێـگەی دوو بوونەوەرەوە یارمەتی ئینانایدا، کە لەبەر ئینانا دوو بوونەوەرەکەی ئەفراند.

(نینشوبور چوو بۆ ئیریدو، پەرستگای ئینکی.
کاتێک چووە ناو نزرگەی پیرۆز،
هاواریکرد:

ئەی باوکە ئینکی مەهێڵە کچەکەت
لە جیهانی ژێرەوە بمرێت
مەهێڵە زیوی گەشاوەت بە تۆزی جیهانی ژێرەوە داپۆشرێ
مەهێڵە یاقوتی بە نرخت
بۆ بەردکار بشکێندرێت
مەهڵێڵە داری بۆن خۆشت
بۆ دارتاش ببڕدرێت
مەهێڵە کاهینی پیرۆزی ئاسمان
لە جیهانی ژێرەوە بکوژرێت
باوکە ئینکی گوتی:
چی ڕوویداوە؟
کچەکەم چی کردەوە؟
ئینانا شاژنی هەموو خاک، کاهینی پیرۆزی بەهەشت!
چی ڕوویداوە؟
نیگەرانم. خەمبارم."
باوکە ئینکی لە ژێر نینۆکیەوە چڵکی دەرهێنا.
ئەو چڵکەی کرد بە کورگارا، بوونەوەرێک نە نێر و نە مێ
لە ژێر نینۆکی دەستەکەیتری چڵکی دەرهێنا.
ئەو چڵکەی کرد بە گالاتور، بوونەوەرێک نە نێر و نە مێ.
خواردنی ژیانیدا بە کورگارا
ئاوی ژیانیدا بە گالاتور.
ئینکی بە کورگارا و گالاتوری گوت:
بڕۆن بۆ جیهانی ژێرەوە
وەک مێش لە دەرگاکە بڕۆنە ژوورەوە.
ئەرشکیگال شاژنی جیهانی ژێرەوە دەناڵێنێت.
وەک هاواری ژنێک کە خەریکە منداڵی دەبێت.
هیچ کەتانێک لەسەر جەستەی نییە.
مەمکەکانی دانەپۆشراون.
قژی وەک کەوەر بە دەوری سەری دەخولێتەوە.
کاتێک هاواردەکات، ئۆو! ئۆە ! ناخم!
ئێوەش هاوارکەن، ئۆو! ئۆە! ناخت!

کاتێک هاواردەکات، ئۆو! ئۆە! دەرەوەم!
ئێوەش هاواربکەن، ئۆو! ئۆە! دەرەوەت!
شاژن دڵخۆش دەبێت.
دیاریەکتان پێشکەش دەکات
تەنیا داوای ئەو تەرمە بکەن، کە لە قەد دیوارەکە بە قولاپێک هەڵواسراوە.
یەکێکتان خۆراکی ژیانی بەسەردا بڕژێنن.
ئەوەیتر ئاوی ژیانی لێ بپرژێنێت.

ئینانا هەڵدەستێتەوە)(Kramer, 1983 , 62-63-64 )لەم هەنگاوەدا باوکە ئینکی یارمەتی ئینانایدا، وە لە ئاستەنگی مانەوەی لە جیهانی ژێرەوە ڕزگاری دەکات. ئینانا پێویستە لە بە شەکانی تردا گوێڕایەڵی خواوەند ئینکی بکات.

لە ئەفسانەی  شاماراندا کاتێک لە لایەن وەزیری گەورە سێ مەرج بۆ هاوسەرگری شاماران و تامەسپ دادەندرێ، تامەسپ بە پێی ئامۆژگاریەکانی باوکی، کە لە کتێبەکە بۆی بە جێهێشتبوو وەڵامی دایەوە (جاماسپ وەک ئەوەی لە خەونێکدابێت، بێ ئەوەی بە چاو و گوێچکەی خۆی بڕوا بکات، تەماشای ئەم ڕووداوەی دەکرد. لەو ڕۆژەوەی کە کتێبی باوکی خۆی خوێنبووەوە، لەوکاتە دڵی بە شامارانەوە بوو، بەڵام شاماران نیوەی مار و نیوەی مرۆڤ بوو. هاوژینی ئەو شاماران چۆن دەبوو؟ جاماسپ پێش ئەوەی وەڵام بداتەوە، دەبوایە وەڵامی وەزیری گەورە بداتەوە. دەستوری لە شاماران خواست و وتی:

- لەسەر پرسیاری یەکەم: (ژیان شتێکی وایە، کە تا ئەمرۆ هیچ زیندەوەرێک لەم نهێنیە نەگەیشتووە. بەڵام دەبێت هەموو زیندەوەرێک مافی ژیانی هەبێت. لە نێوان زیندەوەرەکاندا، سەربەستی و وەک یەکی و برایەتی، هێمای هاوبەشبێت. ئەم شتە لە ژیانی هەمو زیندەوەراندا بنەڕەتی و گرنگە. ئەم خۆشیە دەبێ بەشی هەرزیندەوەرێک بێت)

لە بارەی مردنیشەوە دەڵێم: (کە پێویستە هەر زیندەوەرێک بزانێت، کە ڕۆژێک دێت و ئەو دەمرێت. مردنیش وەک ژیان نهێنیە. تا ئەمرۆ هیچ زیندەوەرێک تێ نەگەیشتووە. مردن و ژیان دەستە خوشکی یەکدین)

بۆ دووەم پرسیش، من بڕوام وایە: (ئەم شتەی جیهان لەسەر هێزی خۆی ڕادەگرێت، ئەوینی نێو دڵی ژیانە. ژیان بێ ئەوین و ئەوین بێ ژیان نابێت)

لەسەر دواین پرسیش دەڵێم: (ئەگەر شابانووی ڕێزدار، بە من رازی بێت، من بە دڵخۆشی و سەر بڵندیەوە تا دوا ژیانی خۆم، بە دڵخۆشیەکی گەورەوە لای دەبم و لە وڵاتی ئەودا دەمێنمەوە) (یوسف، ٢٠٢١، ٦٢-٦٣-٦٤) لەم هەنگاوەدا کامبڵ ئامۆژگاریەکانی باوک بە فریادڕەسی کوڕەکەی دەزانێ و هەروەها دەڵێ پێویستە کوڕ گوێ ڕایەڵی باوکیبێت، چونکە ڕۆڵی دەبێ لە ڕێکخستنی ژیانی و تێ پەڕاندنی ئاستەنگیەکان. تامەسپ پشت بەست بە نووسراوەکانی ناو کتێبەکەی باوکی وەڵامەکانی دایەوە.

**٢-١-٢-٥ گەیشتن بە دڵنیایی ( یقین) Apotheosis**

لەم هەنگاوەدا پاڵەوان بە سەروەری دەگات جۆزێف کامبڵ نموونەی بودای هێناوەتەوە (کاتێ بودا لە خەڵوەتە و بیردەکاتەوە کە دەبێ هەموو شتێک دژی هەبێت و پێویستە دژیەکەکان هاوتابکرێن بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی ژیان. هەندێک لە دژیەکەکان ژیان و مردن، هەتاهەتایی و کات، ڕاستی و خەیاڵ، هاندان و فریودان، دۆست و دوژمن، خۆشی و ناخۆشی. پاڵەوان کاتێک دەگات بە دڵنیایی کە درک بە توانستە باڵاکانی خۆی دەکات دوای تێپەڕاندنی کۆمەڵێک ڕووداو. لێرەدا پاڵەوان گۆڕانکاریەک لە ناخیدا دروست دەبێت، کە وای لێدەکەن باشتر لە خۆی و گەردوون بگات، کە لەوانەیە بگا بە ئاستێکی باڵای ڕۆحانی بە هۆیەوە هەموو سنورە دەروونیەکان و فیزیکییەکانی خۆی دەبەزێنێت) (Campbell, 1968, 138-158)جۆزێف کامبڵ بۆیە بە یەکێک لە خاڵە گرنگەکانی داناوە لە گەشتی پاڵەواندا، چونکە پاڵەوان درک بە هەندێک توانا و ژیری و هێزدەکات، کە پێشتر پێی نەزانیون و لەمەودوا بەکاریان دێنێ بۆ تەواوکردنی گەشتەکەی، ئەگەرچی گەشتەکەی لە جیهانی ژێرەوە یان ئاسمانی، یاخود جیهانی ئاسایی خۆیبێ.

لە ئەفسانەی ئینانادا، پاڵەوان دەگات بە دلنیایی، ئەویش بە هۆی ئەو دیاریەی پێی بەخشرا، کە دووبارە ژیان بوو.

(ئەرشکیگال گوتی:
کەواتە قسەبکەن! چی دەخوازن؟
وەڵامیان دایەوە:
ئێمە تەنیا ئەو تەرمەمان دەوێ کە بە قوڵاپێک لە قەد دیوارەکە هەڵواسراوە.
ئەرشکیگال گوتی:
تەرمەکە ئینانایە"
گوتیان:

چ شاژنەکەمان بێت

چ پاشاکەمان بێت

ئەوەیە کە ئێمە دەیخوازین"

تەرمەکە درایە دەستیان.

کورگارا خۆراکی ژیانی بەسەر تەرمەکەدا پرژاند.

گالاتور ئاوی ژیانی بەسەر تەرمەکەدا پرژاند.

ئینانا هەستایەوە...) (Kramer,1983,67) پاڵەوان گەیشت بەو دڵنیایەی، کە باوکە ئینکی هۆکاری زیندووبوونەوەی بوو. ئەمە لای پاڵەوان دەبێتە هۆی ئەوەی باوەڕ بە توانستەکانی بکات، کە پێشتر لە بەرامبەر درەختی هولوپو درکی بەو توانستانەی نەکردبوو، کە ئێستا درک بەوە دەکات، لە لایەن خواوەندێکی گەورەوە یارمەتی پێشکەشکراوە، ئەمیش لە ئەنجامی سەردانەکەی ئینانا بوو، بۆلای خواوەند ئینکی و وەرگرتنی دەستوورەکان.

لە ئەفسانەی شاماراندا کاتێک وەزیرەکان بە توانا و زرنگی تامەسپ سەرسام دەبن (ئەنجومەنی وەزیران، تەماشای یەکدیانکرد، ئەوان وایان دەزانی جاماسپ مرۆڤێکی نەزانە، چاوەڕێی ئەم وەڵامە خۆشانە نەبوون) (یوسف،٢٠٢١،٦٤) کامبڵ دەڵێ دوای ئەوەی پاڵەوان کۆمەڵێک ڕووداوی تێ پەڕاند، لەو کاتە دەگا بە دڵنیای کە درک بە توانستە باڵاکانی خۆی دەکات و گۆڕانکاری لە ناخی پاڵەوان دروست دەبێت.

**٢-١-٢-٦ ئەوپەڕی ئانیا ( نیعمة) گەیشتن بەو شتەی ئامانج بوو: The ultimate boon**

سەبارەت بەم هەنگاوە جۆزێف کامبڵ دەڵێ (گەیشتن بە ئانیا ( نیعمة) خەڵاتێکە پاڵەوان بە دەستی دەهێنێت، دوای تێپەڕاندنی چەندین بەربەست و مەینەتی. ئەو ئانیایە دەستکەوتێک نییە تەنها بۆ پاڵەوان، بەڵکو دەستکەوتە بۆ ئەو جیهان و ئەو خەڵکەشی کە شوێنکەوتەی پاڵەوانن لەو کۆمەڵگایەی تێیدا دەژین. ئانیا دەکرێ بە چەندین شێوەبێت، لە ئەفسانەیەکەوە بۆ ئەفسانەیەکیتر دەگۆڕێت. دەکرێ دەستکەوتێکی بەرجەستەبێت، یان هێزێک، یاخود گەیشتن بە زرنگی. بە شێوەیەکی گشتی گەیشتن بە ئانیا درککردنە بە ڕۆحانی بوون، یان باڵادەستبوون. مەرجنییە گەیشتن بە ئانیا کۆتایی گەشتی پالەوانبێت) (Campbell, 1968, 159-178)

لە ئەفسانەی ئینانادا، پاڵەوان دەگا بە ئانیا بەهۆی ئەوەی دووبارە دەرفەت، وەک خەڵاتێک لە لایەن خواوەندێکەوە پێی دەدرێ، تا بگەڕێتەوە بۆ جیهانی خۆی.

(ئینانا خەریکبوو لە جیهانی ژێرەوە سەربکەوێتەوە
کاتێک ئانونا، دادوەرانی جیهانی ژێرەوە گرتیان.
گوتیان:
هیچ کەس بەبێ نیشانەکردن لە جیهانی ژێرەوە سەرناکەوێتەوە.
ئەگەر ئینانا دەیەوێ لە جیهانی ژێرەوە بگەڕێتەوە

دەبێ کەسێک لە جێی خۆی دانێ.") (Kramer,1983,68) دوای ئەوەی خواوەند نانا خواوەندی ژیری و مانگ هەروەها ئینلیل یەکێکە لە خوداوەندە پایەدارەکانی سۆمەر، بەرپرسە لە دیاریکردنی چارەنووس. بە دەم داواکاریەکەی نینشوبوری خزمەتکاری ئیناناوە نەچوون، کە لە بەشەکانیتری ئەفسانەکەدا هاتووە، ئەم دوو خواوەندە بە توڕەییەوە دەڵێن (ئەوەی بچێتە جیهانی ژێرەوە ناگەڕێتەوە و لەوێ نیشتەجێ دەبێت)(Kramer,1983, 91-92) کامبل دەڵێ، کاتێک پاڵەوان خەلاتێک بە دەست دێنێ دوای چەندین کار و بەربەست گەیشتنە بە ئانیا. ئەم دووبارە پێدانەوەی ژیان بە ئینانا خەلاتێکە پاڵەوان بە دەستی هێنا بۆ دواتر خزمەتی خۆی و خەڵکیشی پێدەکات.

لە ئەفسانەی شامارناندا ئەم هەنگاوە بە ڕوونی بەرچاو دەکەوێت (شاماران بە وەڵامەکانی جاماسپ لە هۆش چووبوو. وادیاربوو کە ئەمیش لەو ڕۆژەی کە هەواڵی کتێبی زریال و کوڕەکەی بیستبوو. چاوەڕێبوو جاماسپ ببینێت. ئێستا ئەوان بەم شێوەیە بە یەک گەیشتبوون. هەروەها سەرباری ئەمە دەبوونە هاوژینی یەکتریش) (یوسف،٢٠٢١،٦٤) لەم هەنگاوەدا تامەسپ توانی بە لێهاتووی و زرنگی خۆی باوەڕ بە وەزیرەکان بێنێ و ڕەزامەندبن لەسەر دەستکەوتەکەی کە پێکهێنانی هاوژینیە لەگەڵ (شاماران)

### ٢-١-٣ گەڕانەوە Return

### ٢-١-٣ ڕەتکردنەوەی گەڕانەوە: Refusal of the return

لەم هەنگاوەدا جۆزێف کامبل دەڵێ (ئەو کاتەی ئەرکی پاڵەوان تەواودەبێت گەیشتووە بە سەروەری. دەبێ بگەڕێتەوە بۆ جیهانی خۆی، بەڵام دڕدۆنگە یان دەترسێ لە گەڕانەوە بۆ جیهانی خۆی) (Campbell,1968, 179)

لە ئەفسانەی ئینانادا، ڕەتکرنەوەی گەڕانەوەنییە، لەبەر ئەوەی ئینانا کراوە بە تەرم و بێ دڕدۆنگی و بێ هیچ دوو دڵیەک دەگەڕێتەوە، گەڕانەوەکەشی دیارییێکە پێشکەشی کراوە، لە لایەن خواوەندەکانەوە.

لە ئەفسـانەی شـاماراندا دوای مـاوەیەکی زۆر بـابەتی گەڕانەوە لە لای تامەسـپ دروسـت دەبێـت (چـواردە سـاڵ بەسـەر هـاوژینی جاماسـپ و شـاماران تێـپەڕین، هەر ڕۆژێـک تێدەپەڕی، جاماسپ پتر بیری ژیانی خۆی لە سەر زەوی و دایکی دەکردەوە. دەیویست بزانێ دایکی ماوە، یان مـردووە؟ ئەو بە ژیـانی خـۆی لەگەڵ شـاماران زۆر دڵخۆشـبوو. بەڵام وڵات و دایکی هەمیشە لەبیربوون. شاماران بەم بارەی دەزانی، بەڵام نەیدەویست برینی جاماسپ پتر بکـولێنێتەوە) (یوسـف،٢٠٢١،٦٤) لەم بەشـدا جاماسـپ دڕدۆنـگە لە گەڕانەوە لەبەر خۆشەویستی شاماران و لە لایەکیتریش بیری دایکی و وڵاتەکەی رایدەکێشن بۆ گەڕانەوە. کامبڵ دەڵێ دڕدۆنگی و ترس لە گەڕانەوە و نەگەڕانەوە ڕەتکردنەوەی گەڕانەوەیە.

**٢-١-٣-١ فڕینی جادووی The magic flight**

جۆزێـف کامبـڵ لەم هەنگـاوەدا دەڵێـت (کاتێـک پـاڵەوان سـەردەکەوێت، ئەگەر سەرکەوتنەکەی وەکو دیـارییەکی خوداوەنـدەکان بێت ئەوا راسـتەوخۆ داوای لـێ دەکرێت بگەڕێـتەوە بـۆ جیهـانی خـۆی، بـۆ ئەوەی یـارمەتی کـۆمەڵگە و جیهـانەکەی خـۆی بـدات. قۆناغی کۆتـای گەشـتەکەی بە هەمـوو ئەو هێـز و دەسـتکەوت و ئانیایانە پاڵپشـتی کـراوە، کە دەسـتی کەوتـوون. بەڵام ئەگەر لە لایەن پـارێزەر یـان خواوەنـدەکانی جیهـانی ژێـرەوە و شەیتانەکان ڕێگری لێکرا ئەوا ئەو فڕینەی بۆ گەڕانەوە ئاڵۆزدەبێت و پڕدەبێت لە ڕاونان و بەربەستی جادوویی ) (Campbell,1968,182)

لە ئەفسـانەی ئینانـادا، گەرانەوە پێشکەشـی پـاڵەوان کـراوە لە لایەن خواوەنـدەکانەوە، بـۆیە بـێ بەربەسـت دەگەڕێـتەوە. تەنیـا داواکـاری دادوەرانـی جیهـانی ژێـرەوە ئەوەیە کەسێک لە شوێنی خۆی دانێ، بۆیە لە گەڕانەوەکەی گالاکان یاوەری دەکەن.

(ئەهریمەنەکان بە ئیناناوە نووسان.
گالا بچووکەکانی یاوەری ئینانا بوون.
وەک قامیش بوون بە ئەندازەی پەرژینێکی نزم.
گالا گەورەکانی یاوەری ئینانا بوون.

وەک قـامیش بـوون بە ئەنـدازەی پەرژینێکـی بەرز) (Kramer ،1983,68) ئینانـا لە زیندووبوونەوەکەیدا سـەرکەوت، کە ئەویـش دیـاریەکی خـودایی بـوو، لەبەر ئەوە بـێ ئـاڵۆزی گەڕایەوە جیهانی خۆی.

له ئەفسانەی شامارانادا سەرکەوتنەکەی پاڵەوان دیارییەکی خواوەندیە (جوانەکەم، تۆ باش دەزانی منیش تۆم زۆر خۆشدەوێت و هیچ داوایەکت ڕەت ناکەمەوە) (یوسف،٢٠٢١،٦٥) گەڕانەوەی تامەسپ بە بێ بەربەست و بە ئاسایی دەبێت، چونکە سەرکەوتنەکەی دیاریەکی خواوەندی بوو، گەڕانەوەکەیشی لە لایەن خواوەندە پێ بەخشرا.

**٢-١-٣-٢ ڕزگارکردنی دەرەکی: Rescue from without**

لەم هەنگاوەدا جۆزێف کامبڵ دەڵێ (کاتێک پاڵەوان دەگات بە ئانیا، یان بە پلەیەکی ڕۆحی باڵا، خۆیان لە بارودۆخێکدا دەبینەوە کە زۆر ئارام بەخشە و پڕە لە چێژ و خۆشی. پالەوان دەکەوێتە بارودۆخێکی جێگیری بێ کەموکورتی، نایەوێ بگەڕێتەوە بۆ جیهانی پڕ نەهامەتی و ژیانی ئاسایی. لەو دۆخەدا گەرانەوەی پاڵەوان پێویستی بە هێزی دەرەکی دەبێت، ئەو هێزە دەرەکیانەش دەکرێ بە شێوەی راستەوخۆ پێی بڵێن بگەڕێتەوە، یان جیهانی خۆی توشی قەیرانێک دەبێت پێویستە ئامادەبێت بۆ یارمەتیدانیان، یان ڕێڕەوی سروشتی ژیان ڕێگەنادات مرۆڤ لە جیهانی ژێرەوە یان لە جیهانی ئاسمانەکان بژی، لەبەر ئەوە دەیگەڕێنەوە بۆ جیهانی خۆی) (Campbell,1968,192)

لە ئەفسانەی ئینانادا، بە چەند هۆکارێک گەڕانەوەی ئینانا بۆ ڕازگارکردنی دەرەکی نییە، بە شێوەی راستەوخۆ، لەبەرئەوەی گەیشتن بە ئانیا لە ئەنجامی پێدانەوەی ژیانی بوو، نەک بە دەستهێنانی شتێک کە بۆی ببێتە ئانیا. نەبوونی ئەو هەنگاوە و مردنی ئینانا وایکرد ئەم هەنگاوە دروست نەبێ، کە دڕدۆنگبێ لە گەڕانەوە، یاخود لە جیهانی خۆی ناهەمواریەک هەبێت و پێویستیان بەوبێ بۆ ئەوەی رزگاریان بکات. لەبەرئەوەی ئینانا خواوەندی سێکس و خۆشەویستی و لە دایکبوون و بەهارە، هەروەها شاژنی بەهەشت و زەویە، بە ناراستەوخۆیی دەردەکەوێت، کە پێویستە بگەرێتەوە جیهانی خۆی، لەبەر ئەوەشە باوکە ئینکی (خواوەند ئینکی) یارمەتی دەدا لە زیندوبوونەوەی و گەڕانەوەی. دوای گەرانەوەی ئینانا یارمەتی چەند کەسێک دەدات و لە دەستی گالاکان ڕزگاریان دەکات. لە لایەیتریش جیهان پێویستی بە خواوەندێتی ئینانایە، چونکە چەندین دەسەڵات و خواوەندێتی بۆ چەند شتێک هەیە. لە ڕزگارکردنەکەی دوای گەرانەوە، کە پێویستیان پێیە، یەکێک لەوانە نینشوبوری خزمەتکاریەتی لەگەڵ چەندین کەسیتر.

(گالا گوتی:

بڕۆ ئینانا

ئێمە نینشوبور لە جێی تۆ دەبەین.

ئینانا هاواریکرد:

نەخێـــر! نینشـــوبور پاڵپشـــتی بەردەوامـــی مـــنە.)(Kramer, 1983, 69)ئەم جـــۆرە ڕزگـــارکردنە لە لایەن پـــاڵەوانەوە هەیە و خواوەندێتیەکەشـــی دژی لیلیـــتە، کە خواوەنـــدی تاریکی و لە ناو بردنی منداڵە (دایکی ئاڵ، شەوە) بۆیە پێویستە بگەڕێتەوە، ئەگەرنا لەبەر ڕزگارکردنی دەرەکی نییە، کە دەگەڕێتەوە، بەڵکو گەڕانەوەکەی دیاریە.

لە ئەفسانەی شاماراندا، شاماران دەزانێ تامەسپ دڵی بۆ ئەوینی دایکی لێ دەدات و گەڕانەوەی بۆ ولاتی خۆی پێویستە، کە دواتر تێ دەگەین بە هۆی یەکێک لە وەزیرەکانی پاشا خەڵکەکە توشی سەختی ژیان بوونە. لەبەر ئەوە شاماران ڕەزامەندی دەدا بۆ یارمەتی دایکی و ولاتەکەی بگەڕێتەوە (دەبینم کە دڵت بە ئەوینی دایکت و ولاتەوە دەسوتێ، من نامەوێ برینەکەت قوڵتر بکەم) (یوسف،٢٠٢١،٦٥) بە ناڕاستەوخۆیی تامەسپ لە پێویستی گەڕانەوە تێ دەگات و وێڕای ئەوەی ژیانی زۆر ئارام بەخشە و پڕە لە چێژ و ڕێڕەوی سروشتی ژیانی پالەوان ڕێگە نادا لە ولاتی ماران لەوە زیاتر بمێنێتەوە.

### ٢-١-٣-٣ تێپەڕینەوە بە خاڵی دەستپێک The crossing of the return threshold

لەم هەنگـاوەدا پـاڵەوان بە خـاڵی دەسـتپێک دەگەڕێـتەوە (جیهـانی مـرۆڤ و ئەو جیهانەی پاڵەوان گەشتی بۆ کردبوو، وا وێنا دەکرێ کە لەیەکتر جیاوازن وەکو ژیان و مـردن، یـان وەکـو ڕۆژ و شـەو. پـالەوان گەشـت دەکـات بـۆ ئەو جیهـانەی کە ئـێمەی مـرۆڤ نایناسـین، لەوێ سەرکێشیەکانی ئەنجام دەدات هێز یان دانـای یـان زرنگـی بەدەست دێنێت. لەوانەشـە هەنـدێک جـار لەو جیهـانەدا گیربخـوات و گەڕانەوەی قـورس بێـت تـا ئەو کـاتەی درک بەوە دەکـات ئەو جیهـانەی بـۆی چـووە بەشـێکی دابـڕاوی جیهـانی ئـێمەیە. ئەو درک پێکـردنەی ئارەزوومەنـدانەبێت، یـان ئارەزوومەنـدانە نەبێت دەرگـای گەڕانەوەیەتـی بـۆ جیهـانی ئاسایی)(Campbell, 1968, 201-202)

لە ئەفسـانەی ئینانـادا، ئێپەڕیـنەوە بە خـاڵی دەسـتپێک هەمـان شـێوەیە، کە بەبـێ ئاگـایی دابەزی و بە شـێوەیەکیش سـەردەکەوێتەوە بە هەمـان شـوێن، لە بـری بـێ ئاگـایی، ئەوانەی داندراون یاوەریبکەن لەگەڕانەوەکەی شارەزای پیشەکەنین.

(ئەوەی لە پێش ئینانا دەڕۆیشت لێزان نەبوو
لەگەڵ ئەوەشدا گۆچانێکی هەڵگرتبوو.
ئەوەی لە دواوەی دەڕۆیشت جەنگاوەر نەبوو.

لەگەڵ ئەوەشـدا گـوزرێکی هەڵگرتبـوو(Kramer, 1983, 68)لێـرەدا پـاڵەوان بە هەمان خاڵدا دەگەڕێتەوە بۆ جیهانی خۆی و تەواونەکراوەکانی گەشتەکەی تەواودەکات.

لە ئەفسانەی شاماراندا ئەم گەرانەوەیە بە هەمـان ڕێگاوە دەبێ، کە پێیـدا هـاتبووە ژوورەوە. کاتێک دەگەڕێتەوە هەر دەبێ بە ڕێگەی بیـرەکەوە سـەرکەوێتەوە و بگەڕێتەوە بـۆ جیهانی خۆی (هەروەهـا متمـانەم پێتە، کە هیـچ ناپـاکیەکم لەگەل ناکەیت، فەرمـوو بـڕۆ! بە کەس نـاڵێم تـۆ ڕۆیشـتی، بەڵام هەرگیـز مـن لەبیـر مەکە کاتێـک دەگەیـتە سـەر ڕووی زەوی) (یوسف،٢٠٢١،٦٥) لەم گەشتەی تامەسپ جیهانەکە بۆ ئێمەی مـرۆڤ ئـاسـای نییە، بۆیە کامبڵ دەڵێ دوای ئەنجامدانی سەرکێشیەکانی لەو جیهان هێز، یان دانـایی، یـان زرنگـی بە دەست دەهێنێت و دەگەڕێتەوە. لە گێڕانەوەی ئەفسانەکەدا لێرە بە دواوە دوای ئەوەی شـامـاران ڕێـگەی گەڕانەوە بە تامەسـپ دەدا، بـۆ لەمەودوا ژیـانی جیهـانی خـۆی درێـژە بە ئەفسـانەکە دەدات.

٢-١-٣-٤   گەورەی دوو جیهان Master of the two worlds

لەم هەنگـاوەدا دەڵێـت (ئـازادی لە تێپەڕین بە هەردوو جیهانـدا، لە شـێوەی ڕێزگـرتن لە کات، بێ پێشێلکردنی ڕێساکان لە هیچ لایەک. پاڵەوان هۆشیاری ئەوەی هەیە بزانێت لە چ کاتێــک لە کــام لا دەبێــت، ئەوەش وەکــو بەهــرەیەکە پێــی بەخشــراوە) ,Campbell) (1968,212-213لە ئەفسانەی ئینانادا، پاڵەوان دەسەڵاتی ئەوەی وەرگرتووە، کە کێ و چۆن و کەی بنێـرێتە جیهـانی ژێـرەوە و کەی بیهێنێـتەوە جیهـانی ئاسـایی. ئەمەش جـۆرێکە لە سەروەری و بوون بە گەورەی دوو جیهان.

(گالاکە گوتی:

بڕۆ بۆ شارەکەت، ئینانا

ئێمە لەگەڵت دێین بۆ لای دار سێوی گەورە لە ئوروک"

دوموزی هاوسەری ئینانا جلی شکۆمەندی درەوشاوەی بریسکەداری لەبەردابوو.

لەسەر تەختە ڕازاوەکەی دانیشتبوو (نەجوڵا)

گالاکان ڕانەکانیان گرت.

لە حەوت مەشکەکە شیریان ڕشت.

شمشاڵەکەی شوانەکان دەیانژەنی شکاندیان.

ئینانا چاوی مەرگی بڕیە دوموزی.

فەرمانی تاوانباری بەسەردادا.

هاواری تاوانبارکردنی لە دژی کرد و گوتی:

بیبەن، دوموزی ببەن!")(Kramer, 1983, 71)لەم هەنگاوەدا دەردەکەوێت گالاکان لە ژێر فەرمانی ئینانادان، ئەمەش دەرخەری سەروەری ئینانایە لە دوو جیهان.

لە ئەفسانەی شاماراندا، هۆشەنگ شێخ محەمەد کۆتایی شاماران بە ڕق و تووڕەبوونی شاماران دادەنێ لە تامەسپ. بەم هۆیەوە لەم گێڕانەوەیە تامەسپ نابێتە گەورەی دوو جیهان، دەڵێ (دەبوایە متمانەم بە ئادەمیزاد نەکردبا، بەلام ئەوەی قەوما، قەوما! بۆیە من کۆتا داواکاریم هەیە، کە ئەمەیە: لە خوێنەکەم یەکەم پیاڵە بدەنە پاشا، دووەمین بدەنە وەزیر و سێیەمین بە جاماسپ بدەن. پاشا بە خواردنەوەی یەکەم پیاڵە خوێنی شاماران، لە جێوە مرد. وەزیر زیرەک بوویەوە و جاماسپیش وەک خۆی لێهاتەوە، پنک پنکیەکەی نەما) (یوسف،٢٠٢١،٧٠) بەلام گێڕانەوەیتر هەن تامەسپ دەبێتە گەورەی دوو جیهان، سۆران حەمە ڕەش دەڵێ (ئەمجا سەربازەکان دەچن بۆ ناو بیرەکە و شاماران لەوێ دەگرن. کاتێک کە تامەسپ شاماران دەبینێت، هەست بە شەرمەزاریەکی زۆر دەکات، بەڵام شاماران پێی دەڵێت کە لۆمەی خۆی نەکات و هەڵەی ئەو نەبووە. شاماران پیلانێک دادەنێت بۆ ئەوەی کە نهێنی وزانایيەکەی بدات بە تامەسپی خۆشەویستی. بۆیە شاماران لە کۆشکی پاشادا ڕایدەگەیەنێت "هەرکەس کلکم بخوات ئەوا هەموو نهێنی و زانایيەک وەردەگرێت و ئەوەی کە لەشم بخوات چاکدەبێتەوە و ئەوەی سەرم بخوات دەستبەجێ دەمرێت"

ئەمجا دوای ئەوەی کە وەزیر ئەوەی گوێ لیدەبێت، شاماران دەکاتە سێ بەشەوە و فەرمان دەدات کە ئەو سێ بەشە بکوڵێنرێت. کاتێک کە گۆشتەکە دەکوڵێت، وەزیرە پیاوخراپەکە لە کلکی دەخوات، تامەسپیش کە خۆی بە تاوانبار دەزانێت بەرامبەر بەشاماران و دەیەوێت بمرێت، لە سەرەکەی دەخوات و پاشاش بۆ چاکبوونەوە لە لەشەکەی دەخوات. پیلانەکەی شاماران کار دەکات و دەستبەجێ وەزیرە پیاوخراپەکە دەمرێت، پاشا چاکدەبێتەوە و تامەسپ هەموو زانایی و نهێنیەکانی شاماران وەردەگرێت و دەبێتە لوقمانی حەکیم؛ ئەو حەکیمەی کە گیا و درەختەکان گۆرانی بۆ دەڵێن و نهێنیە پزیشکیەکانی خۆیانی بۆ دەخەنە ڕوو. لە هەمان کاتدا دوای مردنی شاماران، ڕۆحەکەی دەگوێزرێتەوە بۆ کچەکەی") (حەمەڕەش، haje.ir) لەم گێڕانەوەیەدا تامەسپ هەموو زانیارییەکان لە شامارانەوە وەردەگرێت، لەبەر ئەوەی شاماران لە ئاینی میترایی خواوەندی دانایی و پاراستنی نهێنیەکان بووە، ئەم خەسڵەتانەی بۆ تامەسپ دەگوازرێنەوە و دەبێتە گەورەی جیهان. محەمەد حیجازی هەمان بۆچوونی هەیە و شاماران دەیەوە زانیاریەکانی بداتە تامەسپ، نەک ئەو وەزیرەی پیاوێکی خراپ بووە لەگەڵ خەڵکی وڵاتەکە دەڵێ (بە

پێی پلانەکەی شاماران وەزیر دەمرێت، پاشا چاک دەبێتەوە و تامەسپ زانایی و نهێنیەکانی شاماران وەردەگرێت) (حیجازی، khak.tv.net)

**٢-١-٣-٥ ئازادی لە ژیان Freedom to live**

دوا هەنگاوی گەشتی پاڵەوانە (باڵا دەستبوونی پاڵەوان نیشاندەدات لە ژیانیدا، دوای تێپەڕاندنی تاقیکردنەوەکانی. هەروەها ئەو گۆڕانانەی بەسەر کەسایەتی پاڵەواندا هاتوون. ئەو هەنگاوە بەوە دیاری دەکرێت، کە پاڵەوان زاڵ بووە بەسەر ترس لە مردن و خۆپەرستی وای لێدەکەن بۆ ئێستای بژی. لەم هەنگاوەدا تەنیا گەرانەوەی پاڵەوان نییە بۆ جیهانی ئاسایی، بەڵکو ژیانکردنێکی ڕۆحانی و تێپەڕاندنی بەربەستە دەروونییەکانیەتی. لێرەدا پاڵەوان هیچ پەشیمانیەکی لە ڕابردووی نییە و دڕدۆنگیش نییە لەسەر داهاتووی، بەڵکو ژیانێکی هاوسەنگ دەژی. دانایەکەی وای لێدەکات یارمەتی کەسانی دەوروبەریشی بدات، کە ڕێگە بۆ کەسانی دیکەی کۆمەڵگەکەیان ڕۆشن بکەنەوە بۆیە لێرە پاڵەوان دەتوانێ بە ئازادانە بژی)(Campbell, 1968, 221-223)

لە ئەفسانەی ئینانادا، پاڵەوان باڵا دەستە و شوێنگۆڕکێ بە بەندکراوان دەکات لە جیهانی ژێرەوە و جیهانی سەرەوەدا.

(ئینانا و گێشتینانا چوونە لێواری دەشتەکان
دوموزیان بینی دەگریا
ئینانا دەستی دوموزی گرت و گوتی:
تۆ دەچیە جیهانی ژێرەوە
نیو ساڵ
خوشکەکەت، مادام داوای کردووە
نیوەکەیتر دەڕوات
ئەو ڕۆژەی بانگ دەکرێیت
ئەو ڕۆژە دەتبەینەوە
لەو ڕۆژەی گێشتینانا بانگ دەکرێت
لەو ڕۆژەدا تۆ ئازاد دەکرێن

ئینانا دوموزی دایە دەستی ئەبەدیەت) (Kramer, 1983, 89)لەم هەنگاوەدا کامبڵ دەڵێ بەو جۆرە دیار دەکرێ کە پاڵەوان زاڵبووە بەسەر ترس لە مردن.

لە ئەفسانەی شامارانداا ئەم هەنگاوە نا روونە، هۆکارەکەی نەنووسرانەوەی شامارانە و گێڕانەوەیەتی بە شێوەیەکی زارەکی. هۆشەنگ شێخ محەمەد دەڵێ دوای خواردنەوەی خوێنی شاماران (شاماران هێشتا نەمردبوو، بۆیە پێش مردنی خاوەنی کچێک بوو، دوای مردنی بە سێ ڕۆژان، کچی شاماران لە چواردە ساڵی خۆیدا، دەهاتە دونیا) (یوسف،٢٠٢١،٧٠) لە گێڕانەوەی ئەفسانەکەدا باس لە مانەوەی تامەسپ کراوە لە لای شاماران لە وڵاتی ماران بۆ ماوەی (١٤) سال. لە دایبوونی کچی شاماران دوای سێ ڕۆژان لە مردنی شاماران بە هەمان ساڵ لە دایک دەبێتەوە و دەبێتە شامارانی نوێی وڵاتی ماران (مار دیسان خاوەن شامارانی خۆیان بوون لە جێیەکی دیکە) (یوسف،٢٠٢١،٧٠) بەم پێیە تاماسپ باوکی شامارانی کچ دەبێت و بە خواردنی سەری شامارانی دایک دەبێتە دانا و دەتوانێ یارمەتی و هاوکاری جەڵکیشی پێ بکات و بە پێی یاساکانی هەردوو جیهان بێ ئەوەی پێشێلیان بکات دەتوانێ سەردانی ولاتی کچەکەی بکات و لە جیهانی خۆشی بە هۆی بوونی دانایەکەیەوە بژی بە ئازادی لە کامە جیهان مەبەستیبێت.

**ئەنجامەکان**

- ئینانا ئەفسانەیەکی کوردی کۆن سۆمەریە، داب و نەریتی کوردی ڕەنگیداوەتەوە، بە تایبەتی لە کاتی لە دایکبوونی منداڵ.
- لە ڕێگەی تیۆری 'جۆزێف کامبڵ'ەوە دەتوانین ئەفسانەی شاماران بە شێوەیەکی ئەکادیمی و باشتر لەوانەی هەیە بنووسینەوە.
- ئەفسانەی شاماران بە ناوی شاماران و تامەسپ، مۆرکێکی کوردی پێوەدیارە، کە نەتەوەکانی وەک تورک و فارس سەرکەوتوو نابن لە هەوڵی دزینی.
- ئەفسانەکان کۆکەرەوەی بیروباوەڕی کۆمەڵگا و پاراستنی مێژوو و نووسینەوەی سروتی دینین، بۆیە بە دەقی پیرۆز دادەندرێن.
- گەشتی پالەوان لە ئەفسانەی شاماراندا پاڵەوان دەگات بە سەروەردی هەردوو جیهان، وە هەموو زانیاریەکانی شامارانی خواوەندی دانایی پێ دەگات.
- گەشتی پالەوان لە ئەفسانەی ئینانادا پاڵەوان ڕەتکردنەوەی گەڕانەوەی نییە، چونکە دووبارە ژیان وەک دیاری دراوەتەوە بە پاڵەوان ئینانا.
- لەبەر ئەوەی گەڕانەوەکەی بە ناچاریە و وەک دیاری ژیانی پێ بەخشرا، لەبەرئەوەشە یارمەتی دەرەکی پاڵنەرێک نییە بۆ گەڕانەوەکەی ئینانا، بەڵکو بە شێوەی

ناڕاستەوخۆ یارمەتی دەرەکی لێ چاوەڕێ دەکرێ. هەروەها لە ڕێگەی گەڕانەوە یارمەتی پێشکەش چەندین کەس دەکات.


## سەرچاوەکان

### کتێبەکان

### بە کوردی

١. خۆشناو- فەرهاد عزیز - ئەفراندن و مردن لە ئەفسانەی کوردیدا-هەولێر ٢٠١٣.

٢. یوسف- هۆشەنگ شێخ محەمەد - ئەفسانەی شاماران - پرۆژەیا ئەنستیتویا کەلەپووری کوردی- ئەنستیتویا کەلەپووری کوردی- دهۆک.

٣. حەمەڕەش- سۆران - مێژووی بزر و نەگێڕدراوەی کورد- چاپی یەکەم ٢٠٢٢.

٤. کۆزینیو- فیڵ - و. سەلاح حەسەن پاڵەوان- جۆزێف کامبڵ- گەشتی پاڵەوان - ٢٠٢٤.

### بە ئینگلیزی

1. Campbell – Joseph Campbell- The hero with a thousand faces - second edition 1968
2. kramer- Samuel Noah and Diane Wolkstein Inanna, Queen of heaven and earth – 1983

### بە فارسی

١. رمضانی، کمال- شاماران در فرهنگ فولکلور کردستان- ١٣٩٧.

### نامەی ئەکادیمی

١. خەلیل، عیماد ئەحمەد - بونیادی پاڵەوان لە داستانی کوردیدا (لەبەر ڕۆشنایی تیۆری "گەشتی پاڵەوان"ی جۆزیف کامبڵ) (٢٠٢٣).

### توێژینەوەی ئەکادیمی

١. حسن، فەرهاد عزیز - زمانی کوردیی پەهلەوی (فەیلی) زمانی فەرمی دەوڵەتی ساسانی یان شێوەزارێکی ناوچەیی- گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان- بەرگی (٢٤) ژمارە (٥) ساڵی(٢٠٢٠).

### ئینتەرنێت

1. Weam -namou ٢١ی ئابی٢٠١٩: \ medium.com- The Goddess within there's an Inanna/ Ishtar in very woman-
2. hamshahronline.ir- ١٣٨٨ فروردین ٢٥ سفر از اسطورەها تا اعماق هنر. -
3. Mingren- Wu- ancient-origins.net- the descent of Inanna in to the underworld: A 5,500 year-old literary masterpiece
4. Grammarly( (Grammarly.com/ 28/September/ 2023)
5. steven- stevenpressfield.com: 2012((the hero's Journey in myth)
6. mark- Joshua j. - worldhistory.org- the frog princess- 18-10-2021
7. حەمە ڕەش – سۆران ( haje.ir)ئەفسانەی شاماران لە کوردستان\ ١٧ نیسانی ٢٠٢٣
8. حیجازی، محەمەد- ( khak.tv.net) ئەفسانەی شاماران- ١٢-١٢-٢٠٢

## سفر قهرمان در اسطوره اینانا و شاماران


**چکیده**

اساطیر بخشی از اندیشه و تفکر انسانی در دوره‌های مختلف تاریخی را عرضه می دارند. با توجه به شرایط تاریخی، پیشرفت‌ها و تحولات فکری انسان‌ها، تغییراتی در ساختار و مفهوم اساطیر به وجود آمده است. از طریق درک و تحلیل داستان‌های پهلوانی و نتایج آن‌ها، می‌توانیم به شیوه تفکر و چگونگی شکل‌گیری اسطوره‌ها و شخصیت قهرمان پی ببریم. قهرمانان اساطیر وظایف خطیر و بزرگی را بر عهده دارند. در جریان سفر و انجام وظایف، او با چالش‌ها و وقایع مهمی روبه‌رو می‌شود. در تمام اسطوره‌ها قهرمان کاری بزرگ‌تر از زندگی روزمره خود انجام می‌دهد. سرنوشت غیرمنتظره‌ای که پهلوان با آن مواجه می‌شود، گاهی به دلیل وجود ضدقهرمان و گاهی نیز به خاطر دشواری و پیچیدگی وظیفه‌ای است که بر عهده دارد. در این تحقیق، سرنوشت پهلوان در اسطوره‌ی (اینانا)ی سومری و اسطوره‌ی کوردی (شاماران) را بر اساس نظریه «سفر قهرمان» جوزف کمپبل مورد تحلیل و بررسی قرار خواهیم داد.



**واژگان کلیدی:** *اسطوره، اسطوره کوردی، قهرمان اساطیری، سفر قهرمان، جوزف کمپبل.*


## THE HERO’S JOURNEY IN THE MYTHIOLOGY OF INANNA AND SHAMARAN


**Abstract**

Mythology is the idea and glimpse of man in different times. Which have changed due to historical circumstances considering development and growth in people's thinking. By understanding and analysing what the hero is ought to do, we can understand the way the hero thinks and how the myth has been created. The hero in myth does an extreme important work. In his journey and duty, the hero faces many big events. In every myth, the hero is doing something bigger than his life. The unexpected fates that are awaiting for the hero, are sometimes because of the existence of an anti-hero or due to the hardship of his task that the hero is missioned to. In this research we dig into the fate of the hero in the myth of (Inanna) an ancient Kurdish mythology (Sumerian) and the Kurdish Myth of (Shamaran), according the theory of ( The Hero's journey by Joseph Campbell) we try to dig in the fate of hero in his journey.



**Keywords:** *Mythology, Kurdish Mythology, hero of the myth, hero's journey, joseph Campbell.*